

# سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ بەغدا
# جارێکی دیکە هەموو لایەنەکانی لەدەوری پرۆسەی سیاسیی کۆکردەوە

سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ بەغدا جارێکی دیکە بۆتە هۆکاری ئەوەی کەتەواوی لایەنە سیاسیەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و وتوێژی جدی لەسەر پرۆسەی سیاسیی دەست پێبکاتەوە کەماوەیەکی دوورو درێژە سڕبونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە

سەرۆك بارزانی وەك چاودێرانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان وەسفی دەکەن سەرۆکێکی هێمن و لێبوردەیە، بەڵام لە کۆبوونەوەکاندا جیدیە و خاڵبەندی پیتەکان دەکات و ئەوەی لە میانەی دانیشتن و لیکتێگەیشتنی لایەنەکاندا لەسەری ڕێکدەکەون، ئەوە دەبێتەوە بنەمای تێکڕای کۆبونەوە و لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتنەکانی ئایندە .

سەرۆکی کوردستان هەرگیز بڕوای بە توندوتیژی و خۆ ڕاپسکان نییە لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا، بەردەوام بڕوای بە مافی بەرامبەر هەیە و ڕێزی لێدەگرێت و ئامادەشە لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی و پێکهاتن و گەیشتن بەتەوافق لە نێوان لایەنەکاندا چاو لەو زوڵمانە بپۆشێت کە پێشتر دژی ئەو یان گەلی کوردستان کراون، بەڵام چاوپۆشین بەو مانایە نییە کە جارێکی دیکە هەمان زوڵم دووبارەبێتەوە .

سەرۆك بارزانی بڕوای بە لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە هەیە، دەستووری عێراقیش بە نەخشەی ڕێگای بونیادنانەوەی عێراقی نوێ دەزانێت، هەربۆیە ئەوە بەڵگە نەویستە لە هەرکۆبونەوەیەکدا سەرۆك بارزانی بەشدار بێت . دەبێت لایەنەکانی کۆبونەوەکە ئامادەباشی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستورە و پابەندبوونی خۆیان بەو دەستورەوە دەرببڕن .

ئەو کۆبونەوانەی بارزانی تێدا بەشدار دەبێت دەشێ ناکۆکی و ململانێی زۆری تێدابێت، بەڵام هەرگیز قبوڵی ناکات ناکۆکیەکان بگەنە سەر ئەو کۆڵەگانەی کە عێراقی نوێی لەسەر دادەمەزرێتەوە کە ئەوانیش برتین لە سیستەمی فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی و پێکەوەژیانی ئارەزومەندانە.

ئەم خەسڵەتانە وایکردووە، لایەنە هاوپەیمانەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی و نوێنەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان و ڕۆژنامەنوس و چاودێرانیش بە بایەخەوە لەسەر قسە و لێدوانەکانی سەرۆکی کوردستان هەڵوەستە بکەن و خوێندنەوەی جۆراو جۆر بەڵام لەیەك بازنەدا بۆ بۆچونەکانی بکەن.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆکەکانی جیهاندا بەیەك زمان لێدوان دەدات کە ئەویش زمانی کوردییە، لەسەر ئاستی عێراقیش بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لەبەر ئەوەی بەپێی دەستووری عێراق دوو زمانی سەرەکی عێراقە، بەڵام لە واشنتۆن لێدوان بدات یان لە بەغدا یان ئەنقەرە یان تاران یان دیمەشق، سەرۆك بارزانی ئاراستەیەکی دیاریکراوی بۆ ئایندەی عێراق و چۆنیەتی پێکەوەژیانی ئارەزومەندانەی کوردستان لەگەڵ عێراقدا هەیە، هەربۆیە ئەم ڕاستگۆییە متمانەیەکی گرنگی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆی عێراق و کوردستان بۆ قسەکانی بارزانی دروستکردووە .

سەبارەت بە کێشە ئیقلیمیەکان و پەیوەندی هاوسێەتی هەرێمی کوردستان لەگەل دەوڵەتانی دراوسێی عێراق و پەیوەندی هاوبەشی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی دەوربەری، سەرۆك بڕوای بە بنەمای هاوسێیەتی باش لەسەر بنەمای ڕێز و بەرژەوەندی هاوبەش هەیە و ناخوازێت هەرێمی کوردستان سەرچاوەی ناسەقامگیری بێت بۆ هیچ لایەك و ناشیەوێت هیچ لایەك هەڕەشەبێت بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمی کوردستان، هەربۆیەش کاتێك لەو پەڕی ئاڵۆزی و کێشە سەختەکاندا، لێدوانێکی سەرۆکی کوردستان باردۆخەکە هێوردەکاتەوە .

ماوەیەك پێش ئێستا باردۆخەکە لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەو پەڕی ئاڵۆزیدا بوون، زۆر لایەن واقیعەکەیان بە شێوازی دیکە تەفسیر کرد و زۆر لایەنیش نمایشی ماسولکەی هێز و بیروبۆچوونی لابەلایان هێنایە ناو مەسەلەکە، بەڵام وەك دەبینین لەسەر ئاستی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێرو بەغدا جارێکی دیکە هەمولایەنەکان

**ئەو کۆبونەوانەی بارزانی تێدا بەشدار دەبێت دەشێ ناکۆکی و ململانێی زۆری تێدابێت، بەڵام هەرگیز قبوڵی ناکات ناکۆکیەکان بگەنە سەر ئەو کۆڵەگانەی کە عێراقی نوێی لەسەر دادەمەزرێتەوە کە ئەوانیش برتین لە سیستەمی فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی و پێکەوەژیانی ئارەزومەندانە**



بەگشتی و چوار لایەنە سەرەکیەکە ( پارتی، یەکێتی، دەعوا، مەجلیس) لەسەر بناخەی دەستور و مافی هاوبەشی هەرلایەك لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کەوتونەتەوە گفتوگۆ و وەك بەڕێز عادل عەبدولمەهدی نوێنەری مەجلیس لە کۆبونەوەکان ئاماژەی پێکرد هیچ جارێك وەك ئەم جارە باس لە کێشەکان نەکراوە،و خاڵە سەرەکیەکانیش ئەمانە بوون:

١. لەم کۆبونەوەیەدا باس لەوە کراوە ئایا کورد هاوبەشـە لە حکومرانی عێراقدا ؟ ئەگەر هاوبەش بێت دەبێت بەیەکسـانی مافی بەڕێوەبردنیشی هەبێت، بێگومان دەستوری عێراق ئەو مافەی بە کورد داوە بۆیە ئەگەر لایەنەکان نکۆڵی لە جێبەجێکردنی دەسـتوری عێراق بکەن، ئەوا نابێت بەرگری لە مانەوەی عێراقیش بە یەکپارچەیی بکەن و تەنها شتێك کە نە هێڵێت عێراق لەبەر یەك هەڵبوەشێت جێبەجێکردنی ئەو دەستورەیە.

٢. چارەنووسـی ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠، گومانی تێدانییە زۆر لایەن لەم ماوەیەدا تەفسـیری لابەلای بۆ چارەنوسی ئەو ناوچانە کردو زۆر هەوڵیشیاندا کە تەفسیرەکان میزاجی بن، بەڵام چارەنووسی ئەم ناوچانە بەپێی مادەی ١٤٠میکانیزمی چارەسـەرکردنی بۆ دانراوە و هەتا ئەم مادەیـەش جێبەجێدەکرێت دەبێت باردۆخی ئەوناوچانە باردۆخێکی تایبەتی بێت و چۆن حکومەتی بەغدا ئەو مافەی هەیە، بە هەمان شێواز حکومەتی کوردستانیش مافی هەیە بەشداری لە بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانە بکات.

٣. یاسای نەوت و گاز، مافی هەرێم بەپێی دەستوری عێراق، ئەم مەسەلەیە گەرچی کە باس دەکرێت وەك مەسـەلەیەکی یاسایی پیشاندەدرێت بەڵام لە ناوەرۆکدا دەسکاریەکی سیاسیی کراوە، ئەو رەشنوسی یاسای نەوتەی عێـراق کە حکومەتی عێـراق لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لەسـەری رێککەوتون ناوەرۆکەکەی بەئەنقەست و بە مەبەستی سیاسیی شێوێنراوە، هەربۆیە گرنگە ئەو دەستکاری و شێواندنانە چارەسەر بکرێن و دواتر ئەگەر یاسای نەوت و گازی کوردستان لەگەڵ دەستوری عێراق یەکینەگرتەوە، با ئەم مەسەلەیەیان دادگای باڵای عێراق یەکلایبکاتەوەو ئەگەر پێشلکاریەك هەبێت با ڕاستی بکاتەوە .

کاتێك مەسـەلەکان دەخرێنەوە شـوێنی خـۆی بنەمایەکی هاوبەش بۆ وتوێژەکان دەدۆزرێتەوە دەبینین ئاستەنگەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی بەم ئاسـتە نیین کە چارەسەر نەکرێن . بەڕێز سەرۆك بارزانی نایەوێت لەسەر حسابی پێکهاتەکانی دیکەی مافی گەلی کوردستان زیادبکرێت، بەڵکو ئەوەی ئەو مەبەسـتیەتی ئەوەیە لەسەر بنەمایەکی راست کە دەستوری عێراقە کێشـەکان چارەسـەر بکرێن و ڕێگە چارەیان بـۆ بدۆزرێتەوە، لەلایەکی دیکە ئەگەر لە کۆبونەوە سەرەکییە باڵاکاندا لایەنە سیاسیەکان لەسـەر هێڵەگشـتیەکان رێکبکەون وپابەندبوونی خۆیان بە دەسـتوری عێراقەوە پیشـان بدەن، ئەوە چارەسـەرکردنی کێشەکان و ڕۆچوون بە ناو وردەکارییەکاندا دەبێتە کاری ئەو لیژنانەی کە بۆ چارەسـەرکردنی ئەو کێشانە دادەمەزرێن، هەروەك چۆن لە کۆتایی کۆبونەوەکانی چەند رۆژی رابردوودا چەندین لیژنە بۆ چارەسـەرکردن و ڕۆچوون بە وردەکاریەکاندا پێکهێنراون .

**کۆبونەوەی سەرۆکی کوردستان لەگەڵ مەترانی کەنیسەکانی عێراق و لایەنەسیایەکانی دیکەی عێراقدا**

وەك لە بەرایشـدا ئاماژەمان پێکرد بەرنامەی سـەردانەکەی سەرۆکی کوردسـتان بۆ بەغدا بەرنامەیەکی نیشمانی گشتگیری هەمەلایەنەیە و تەنها بۆ چارەسـەرکردنی گرفتی نێـوان بەغداو هەولێر نییە بە ڵکو بۆ سەرخستنی سەرجەم پرۆسەی سیاسی و لێکنزیکردنەوەی تێکرای لایەنە سیاسـیەکان و نوێکردنەوەی پەیوەندی برایانەی نێوان سـەرجەم نەتەوەو ئاینەکانی عێراقیشـە، هەروەها بۆ دەربرینی پشتیوانییە بۆ بونیادناوەی عێراق لەسەربنەمای لێبوردەیی و پێکەوە ژیان و هاندانی ئەو لایەنانەی کە خۆیان بە لایەنگیری عێراقی نوێ دەزانن .

سـەرۆك بارزانی لە کۆبونەوەی لەگەل مەترانی کڵیسەکانی عێراق زۆر بەتوندی ئیدانەی راگواستن و شەهیدکردنی مەسیحیەکانی موسڵی کرد وبۆ هاوکاری و پشـتیوانی ماددی و مەعنەویش هەڵوێستی برایەتی و دۆستایەتی و هاونیشـتمانی گەل و دەسەلاتی هەرێمی کوردستانی بۆ دوپاتکردنەوەو تەواوی ئامادەباشـی هەرێمی بۆ حەوانەوەو دابینکردنی تێکرای پێویستیەکانیانپیشاندا،

لەلایەکی دیکەش لەگەڵ زۆربەی لایەنە سیاسـیەکانی عێراق وەك د. ئەیاد عەلاوی سـەرۆکی لیستی ئەلعراقیە و هەورەها حیزبی فەزیلەش کۆبۆوە .

**کۆبونەوەی لەگەڵ نێردراوی تورکیا لە بەغدا**

کۆبونەوەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ موراد ئۆزجەلیکی نێردراوی تایبەتی سـەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ بەغدا یەکێك بوو لە هەنگاوەکانی دیکەی سەرۆکی کوردستان بۆ ئامادەباشی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەنکەرەو هەولێرو ئاسـایکردنەوەی پەیوەندیـەکان ئەم کۆبونەوەیە لەگەڵ ئەوەی تەنها بە شـێوەیەکی گشـتی باس لە مەسەلەکان کراوە بەڵام زۆربەی چاودێـران پێیان وایە کە کۆبونەوەی دیکەی بەدوادیت و دەبێتە سەرەتایەك بۆ خابونەوەی کێشەکانی نێوان هەولێرو ئەنقەرە.

لەم کۆبونەوەیەدا باس لەوە کراوە ئایا کورد هاوبەشە لە حکومرانی عێراقدا؟ ئەگەر هاوبەش بێت دەبێت بەیەکسانی مافی بەڕێوەبردنیشی هەبێت

ئالۆن بن مایەر
ئەكادیمست و رۆژنامەنوس و ستونوسی توركیش ویكلی جۆرناڵ بۆ گوڵان:



# ئەگەر عەبدوڵڵا گول سەردانی هەریمی كوردستان بكات بەستەڵەكی نێوان هەولێرو ئەنقەرە بە تەواوەتی دەتوێتەوە

**ئالۆن بن مایەر ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەكانە لە زانكۆی نیویۆرك و یەكێكە لە نوسەر و شرۆڤەگەرە سیاسییە بەناوبانگەكانی جیهان و لە زۆربەی رۆژنامەكانی جیهاندا وتار و شرۆڤەی سیاسییی بڵاو دەكاتەوە وەك cfr. كریستیان ساینس مۆنیتەر، زەویك، لۆمۆندی فەرەنسی، هەروەها ستونێك لە توركیش ویكلی جۆرناڵ بەزمانی ئینگلیزی بڵاو دەكاتەوە، بن مایەر وەك شرۆڤەگەر و چاودێرێكی سیاسییی باردۆخی رۆژهەڵاتی ناوەراست زۆربەی كەناڵە جیهانییەكان پەیوەندی پێوە دەكەن وەك CNN،CBS،BBC.VOA و چەندینی دیكە، بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ئاساییبوونەوەی پەیوەندیەكانی نێوان هەولێرو ئەنقەرە پرۆفسیۆر ئالۆن بن مایەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن :**

**كوردەكانی عێراق سەرچاوەی هیچ جۆرە هەڕەشەیەک نین بۆ توركیا نە سیاسیی نە هیچ جۆرە هەڕەشەیەكی دیكە و دەبێت توركیا بە هزرێكی كراوەترەوە مامەڵە بكات**

*** پێشبینی دەكرێت پەیوەندیەكانی توركیا و هەرێمی كوردستان بەرەوپێشچوون بە خۆووە ببینن بە تایبەتی دوای كۆبونەوەكەی نێوان بارزانی و نێردراوی تایبەتی سەرۆك وەزیرانی توركیا، موراد ئۆزچەلیك، ئایا چۆن دەرئەنجامەكانی ئەو سەردانە دەخوێنیتەوە؟**

- من هەمیشە ئەوەم دوپات كردۆتەوە كە ئەنجامدانی دایەلۆگ لە نێوان سەركردە كوردەكانی عێراق و توركیادا هەنگاوێكی گرنگ و سوودبەخشە بۆ رێگرتن لە هەڵكشانی ناكۆكی نێوان توركیا و پەكەكە كە لە باكووری عێراقدا بنكەی هەیە. ئەمە هەنگاوێكی گرنگە لەبەر ئەوەی كوردەكانی عێراقیش خوازیاری ئەوەنین كە پەكەكە لە توركیا بێنە خاكی عێراق و بەكاری بهێنن بۆ هێرشكردنە سەر توركیا. كەواتە تەنیا ئەنجامدانی دانوستاندن رێگاچارەیەكی گرنگ و كاریگەرە. من ئومێدەوارم ئەم سەردان و كۆبونەوەیە ببێتە هۆی ئەوەی كە هەردوولا بگەنە رێگاچارەیەك بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سنووبەزاندن و لەشكركێشی نەكرێتە سەر باكوری عێراق كە لەم رووەوە پێویست بە هاوكاری كوردەكان دەكات بۆ ئەوەی ناكۆكیەكە بەرەو هەڵكشان نەچێت.

*** بەڵام ئەم كێشەیە بە رێگاچارەی سەربازی چارەسەر ناكرێت؟**

- من تەواو هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا و لە راستیدا من دوو مانگ پێش ئێستا لە توركیا بووم و ئەوان خوازیاری ئەوەنین كە هەلومەرجەكە بەرەو هەڵكشان بەرن، بەڵام ئەوەی ئەوان دووپاتی دەكەنەوە كە پەكەكە خاوەنی بنكەیە لە باكووری عێراقدا و هەڵدەستێت بە سنووربەزاندن و ترس و تۆقاندن لە توركیادا بڵاودەكاتەوە، ئەوان لەم رووەوە پاساوی شەرعیان هەیە و خوازیاری ئەوەن كۆتاییەك بۆ ئەم كارە دابنێن، بەڵام ئەوان ناتوانن لە رێی تۆڵەسەندنەوە ئەم كارە بكەن دەبێت لە رێی گفتوگۆوە ئەم كارە بكرێت، هەربۆیە من ئەم سەردان و كۆبونەوانە بە شتێكی ئیجابی دەزانم.

*** بۆ چارەسەركردنی كێشەی پەكەكە توركیا پێویستی بە بەدەستهێنانی هاوكاری سەركردایەتی كورد لە عێراقدا هەیە**

**و لەم ڕووەوە سەرکردایەتی کورد ئامادەیی خۆیان پیشان داوە بۆ ئەم کارە، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی تورکیا هەوڵی ئەوە نادات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرکردایەتی کوردەوە بکات؟**

- تورکیا هەوڵدەدات پەیوەندی بە سەرکردە کوردەکانی عێراقەوە بکات، دەبێت ئەم کۆبونەوە و چاوپێکەوتنانە ڕووبدەن لە بری بەکارهێنانی هێزی سەربازی، لەبەر ئەوە من پشتگیری لەم گفتوگۆ و دانوستاندنانە دەکەم، دەبێت ئەم گفتوگۆیانە ڕووبدەن و درێژیان پێ بدرێت و ئەمە تەنیا ڕێگایە بۆ کۆتای پێهێنان و ڕێگرتن لە هەڵکشانی ناکۆکیەکە.

*** ئایا پێشبینی دەکرێت ئەم سەردانانە بگەنە ئاستێکی باڵا، ئایا چاوەڕوان دەکرێت کە سەرۆک کۆماری تروکیا سەردانی هەولێر بکات، یاخود سەرکردە کوردەکان بانگهێشتی ئەنقەرە بکات؟**

- من پشتگیریەکی بەهێز لەوە دەکەم شاندی هەردولا سەردانی یەکتر بکەن و ئومێدەوارم کە عەبدوڵا گولی سەرۆک کۆماری تورکیا سەردانی هەولێر بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە ئاماژەیەکی زۆر ئیجابی. من ئەوە دوپات دەکەمەوە نابێت تورکیا نیگەران بێت لە ئاست ئەوەی کوردەکانی عێراق پێی هەڵدەستن، کوردەکانی عێراق سەرچاوەی هیچ جۆرە هەڕەشەیەک نین بۆ تورکیا نە سیاسیی نە هیچ جۆرە هەڕەشەیەکی دیکە و دەبێت تورکیا بە هزرێکی کراوەترەوە مامەڵە بکات.

***لە دەستووری عێراقدا دان بە شەرعیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نراوە، بەڵام کاتێك تورکیا ئامادە نابێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ کوردەکاندا بکات، ئایا ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە تورکیا ڕێز لە دەستووری عێراق ناگرێت؟**

- من هیچ گرفتێك لەوەدا بەدی ناکەم کە سەرۆك کۆماری تورکیا لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا دواتر ڕووبکاتە هەولێر، ئەمە هیچ کێشەیەکی تێدانییە لەبەر ئەوەی ئەگەر شاندێکی یەکێك لە وڵاتان سەردانی ئەمەریکا بکات دەتوانێت سەردانی واشنتۆن و نیویۆرك و ویلایەتەکانی دیکە بکات و لەگەڵ سەرکردە مەحەلیەکان کۆبونەوە بکات. دواتر سەرۆك کۆماری عێراق کەسێکی کوردە و هیچ گرفتێك لەوەدانییە کە سەرۆك کۆماری تورکیا لە هەولێر لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش ئێمە هەمیشە ئەوە بۆ تورکیا دووبارە دەکەینەوە کە دەبێت کراوەتر بێت و سەرکردە کوردەکانی عێراق ببینێت و ئەگەر ئەمە ڕوویدات ئەوا تا دوا ڕادە سوودبەخش دەبێت.

*** ڕای گشتی کوردستان پشتگیری لە دامەزراندنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ دەکات لەگەڵ تورکیادا، بەڵام ڕای گشتی تورکیا ئەم ئامادەییە نییە، دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی ڕای گشتی تورکیا ئامادەی هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە گرنگە بێت؟**

- دەبێت هەڵبستین بە هاندانی ڕۆشنبیر و ئەکادیمی و ڕۆژنامەنوسەکانی تورکیا بۆ ئەوەی بە هزرێکی کراوەتر مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا بکەن و زیاتری لە بارەوە بنوسن، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر ئەمە بەدی ناکرێت و زۆرێك لە ڕۆژنامەکان ساڵ دەکەنەوە لەوەی ڕەخنە لەم هەڵوێستە بگرن، بەڵام تورکیا دەوڵەتێکی دیموکراسیە و دەبێت ڕۆشنبیران بەم کارە هەڵبستن، لێکدانەوەکەی ئێوە ڕاستە کە ڕای گشتی تورکیا ئامادەی هەڵگرتنی ئەم هەنگاوە نییە و دەبێت ئەوەیان بۆ ڕوون بکرێتەوە کە هیچ هەڵە و خەوشێك لەوەدانییە کە دەست بە گفتوگۆ بکرێت لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی عێراقدا. واتە ئەم مەسەلەیە پێویست بە گرتنەبەری ئاڕاستەیەکی سیاسیی نوێ دەکات و دەبێت ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە لە ماوەی پێنج بۆ شەش ساڵی ڕابردوودا تورکیا چاکسازیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی زۆری کردووە، ڕەنگە ئەمە بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا بێ. ئێمە لەمە تێدەگەین، هەروەها چاکسازیش لە پەیوەندیەکانی کورد و تورکەکانی ناو تورکیادا هاتۆتەدی، لەبەر ئەوە کرانەوە و دەرفەتی زیاتر هەیە و دەبێت درێژە بەم ڕەوتە بدرێت و پتر باس لەم مەسەلەیە بکرێت و گفتوگۆی لە بارەوە بکرێت.

*** ئایا پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابووریەکان لەم ڕووەوە یارمەتیدەر نابن؟**

- بە دڵنیاییەوە، دەرفەتێکی زۆر هەیە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکان، لەبەر ئەوەی تورکیا و عێراق دوو دەوڵەتی دراوسێن و دەکرێت بازرگانی لە بواری نەوت و گازیشدا پەرەی پێ بدرێت و نابێت حکومەتی تورکیا ڕێگە بدات نیگەرانی لە ئاست کوردەکان ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم دامەزراندنی پەیوەندیگەلێکی بازرگانی نزیك لەگەڵ باکووری عێراقدا. ئەم حاڵەتە لە ئەمەریکاش بەدی دەکرێت لەبەر ئەوەی ویلایەتێکی وەك تەکساس پەیوەندی بازرگانی نزیکی هەیە لەگەڵ وڵاتی مەکسیکدا، بەو پێیە مەرج نییە هەمیشە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا ئەم کارە بکەن.

*** کاتی ئەوە نەهاتووە بەستەڵەکی نێوان هەولێر و ئەنقەرە بشکێنرێت و بۆ هێنانەدی ئەم حاڵەتە دەبێت هەردوولا چ هەنگاوێك بگرنەبەر؟**

- من پێم وایە ئەگەر سەرۆك کۆماری تورکیا سەردانی هەولێر بکات ئەوا ئەمە دەبێتە سەرەتای تواندنەوەی ئەو بەستەڵەکە و لە ڕووی ڕەمزیەوە کاریگەریەکی زۆر ئیجابی دەبێت و من پێم وایە دەبێت بانگهێشتی ئەوە بکرێت کە سەردانی هەولێر بکات، نەك وەك بەشێکی سەربەخۆ لە عێراق بەڵکو وەك بەشێك لە عێراق. هەنگاوی دووەم دەبێت پەرە بە پەیوەندیە بازرگانییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە بدرێت و هەنگاوی سێیەم دەبێت ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەردوولا دەست بە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە بکەن، ئەگەر ئەم هەنگاوانە بگرینەبەر ئەوا دەبنە سەرەتایەك بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ لە نێوان هەردوولادا.

●●●

**من هیچ گرفتێک لەوەدا بەدی ناکەم کە سەرۆک کۆماری تورکیا لە کاتی سەردانەکەیدا بۆ بەغدا دواتر ڕووبکاتە هەولێر**

●●●

●●●

**نابێت حکومەتی تورکیا ڕێگە بدات نیگەرانی لە ئاست کوردەکان ببێتە ئاستەنگ لە بەردەم دامەزراندنی پەیوەندیگەلێکی بازرگانی نزیک لەگەڵ باکووری عێراقدا. ئەم حاڵەتە لە ئەمەریکاش بەدی دەکرێت لەبەر ئەوەی ویلایەتێکی وەک تەکساس پەیوەندی بازرگانی نزیکی هەیە لەگەڵ وڵاتی مەکسیکدا، بەو پێیە مەرج نییە هەمیشە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا ئەم کارە بکەن**

●●●

# حکومەت و حوکمڕانی

## جیاوازییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و شێوازی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان



لە وڵاتێکی وەك وڵاتی ئێمە کە ئەزموونی حکومڕانیمان زۆر کەمە، رۆشنبیری و لێکدانەوەشمان بۆ چەمکی حکومەت و حکومڕانی تارادەیەك تێکەڵ و نارۆشنە.

هەربۆیە کاتێـــك بمانەوێت رۆڵی ئۆپۆزســـیون یان رکابەر لەگەڵ حکومـــەت بگێڕین، دەکەوینە ئەو بازنەیەی، درز و کەلێن بخەینە نێو ئەو ئامانجە هاوبەشـــەی کە کۆمەڵگە لە خاڵێکدا کۆدەکاتەوە ئەویش پیادەکردنی حکومڕانی باشـــە (Good Governance) نـــەك حکومەتـــی باش (Good Government )، حکومەتی باش لەگەڵ حکومڕانی بـــاش جیاوازی هەیە، دەکرێـــت حکومەتێکی باشیش هەبێت بەڵام ئۆپۆزسیون مافی خۆیەتی بەرنامەی بۆ حکومەتێکی باشـــتر هەبێت و هەوڵبدات لە هەڵبژاردنی داهاتـــوو دەنگ بەدەســـت بهێنێت و حکومەتێکی باشـــتر دابمەزرێنێت، بەڵام ئەو مافەی نییە بنەماکانی حکومڕانی بـــاش هەڵبتەکێنێـــت و هەوڵبدات لە وڵاتـــدا حکومڕانی نەمێنێت، یان سیستەمە سیاســـییەکە بروخێنێت، بۆچی ؟ بێگومـــان لەبەر ئەوەی حکومەت یەکێکـــە لە توخمەکانی حکومڕانی، لەوانەیە ســـەرەکیترین توخم بێت بەڵام هەموو توخمـــەکان نییە، ئەوە بۆچونێکـــی تۆتالیتاریانەیە هەموو حکومڕانی لە حکومەتدا کۆبکرێتـــەوە، حکومەت بەتەنیا حکومڕانـــی بۆ ناکرێـــت، ئەگەر حکومڕانی پرۆســـەی دروستکردنی بڕیار بێت، ئەوا حکومەت لەوانەیە بەرێگەی دامەزراوەکانی بتوانێت بڕیار جێبەجێ بکات، بەڵام هەرگیز بە تەنیا بڕیاری بۆ دروست ناکرێت، هەربۆیە پرۆسەی بڕیار دروستکردن کە دەبێتە پرۆسەی حکومڕانی چەندین توخمی جۆراو جۆر لە خۆی دەگرێت لەوانە :

١- بەشـــداریکردنی هاوڵاتییـــان، پارتـــە سیاســـییەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، بەشداری یەکسانی ژن و پیاو.

٢- هەنگاو هەڵگرتن بە ئاراستەی لێکنزیکبوونەوەو پێکەوە گونجاندنی بیرو بۆچوونەکان.

٣- پیادەکردنی ســـەروەریی یاســـا و رێزگرتن و پاراستنی ســـەروەریی یاســـا و دەســـەڵاتی دادوەری، ئەم دەسەڵاتە دەســـەڵاتێکی ســـەربەخۆیە و دەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ حکومەت و ســـەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەپێی یاسا بکات.

٤- لێپرســـینەوە، شەفافییەت، وەڵامدانەوەی دەست بەجێ و کاریگەر بۆ کێشەکان.

٥-رێزگرتن لە مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بە تایبەتی ئەو نەتەوە و ئایینانـــەی لە وڵاتدا هەن و بە ژمارە کەمن، دەبێـــت رێز لـــە مافەکانیان بگیرێت و لە پرۆســـەی بڕیار دروستکردندا فەرامۆش نەکرێن.

٦- دەبێـــت هەموو لایەنەکان کە دەبنە یەکێك لە توخمەکانی حکومڕانی وەڵامدانەوەی پێویســـتیان بۆ پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتوو هەبێت.

**پێوەرەکانی حکومڕانی باش**

حکومەت دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر لە حکومڕانی باشـــدا بگێڕێت، هەربۆیە کاتێك هەڵســـەنگاندن بۆ چۆنییەتی لە حکومڕانی دەکرێت، حکومەت ئەو توخمەیە کە بەشـــێکی گەورەی دەکەوێتە ئەســـتۆ، ئێســـتا پێوەرەکانی جیهان بۆ هەڵســـەنگاندنی حکومڕانـــی بریتییە لەو دەســـکەوتانەی لە کۆمەڵگە بە ئاراســـتەی خۆشـــگوزەرانی هاوڵاتییان و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان بەدەســـتهاتوون دیاریدەکرێن، ئـــەو زەمەنە بەســـەرچوو، خەڵك و هاوڵاتییـــان ئەدەبیاتی سیاســـی ئەزبەر بکات و بە خەڵکی بفرۆشێتەوە، پسپۆرانی بواری حکومڕانی لەســـەر ئاستی سیاسی و ئابوری چەند پێوەرێکیان دەست نیشانکردووە، کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

١- لەسەر ئاستی سیاسی

بـــۆ ئەوەی بتوانرێت زەمینە بـــۆ حکومڕانی باش فەراهەم بکرێت، پێویستە حکومەت رۆڵێکی سەرەکی لە دابینکردنی ژینگەیەکی سیاســـی تەندروســـت بۆ ئـــەو حکومڕانییە برەخسێنێت لەوانە:

أ- حکومڕانی باش لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی و دامەزراوەیی حکومەت، هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت.

ب- حکومڕانی باش پێویســـتی بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی فرەیـــی بەهێز هەیە، مەبەســـت لە کۆمەڵگـــەی مەدەنی بەهێزیش، واتە دەبێـــت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزبـــن بۆ لە دەربڕینی بیروبۆچونەکانیان بە شـــێوەیەکی ئازادانە و هاریکاری پێویســـت بـــۆ حکومڕانی باش دابین بکات.

ت- حکومڕانـــی بـــاش پێویســـتی بە دامـــەزراوەی باش و یاســـەگەلێك هەیـــە کـــە بتوانێت بە هۆی ئەو یاســـا و دامەزراوانەوە چالاکـــی تاك و رێکخراوەکان رێکبخات و لە کاتی بوونی ناکۆکی وتوێژ لە نێوانیاندا دروست بکات.

ث- حکومڕانی باش پێویســـتی بەســـەروەریی یاسا هەیە، پیادەکردنی سەروەری یاسا و پاراستنی ئەو سەروەرییە دەبێت ئامانجی هەموو لایەك و هەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵگە بێت.

ج- حکومڕانی باش پێویستی بە ئاستێکی بەرزی شەفافییەت ولێپرســـینەوەهەیە، هەروەها پێویســـتی بە پشتگیری و بە شداری هەیە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتییان هەیە.

ئەگەر ســـەرنج لـــەم خاڵانە بدەین دەبینیـــن بونیادنان یان دابینکردنی ژینگەیەکی سیاســـیی تەندروست فاکتەرێکی گرنگە بۆ حکومڕانی باش و حکومڕانی باش پێویســـتی بەژینگەیەکـــی تایبەتـــی هەیە کەدەبێت هـــەم حکومەت فاکتەرێکی ئێجابی بێت بۆ رەخساندنی ئەم ژینگەیە

**حکومڕانی باش پێویستی بەژینگەیەکی تایبەتی هەیە کەدەبێت هەم حکومەت فاکتەرێکی ئێجابی بێت بۆ ڕەخساندنی ئەم ژینگەیە و هەم توخمەکانی دیکەش هاریکاری حکومەت بن بۆ پاراستن و ڕێزگرتنی ئەم ژینگەیە**

**گرنگە ئۆپۆزسیون توخمە گرنگەکانی حکومڕانی تێکەڵ نەکات**





و هەم توخمەکانی دیکەش هاریکاری حکومەت بن بۆ پاراستن و ڕێزگرتنی ئەم ژینگەیە، حکومەت دەتوانێت بەرێگەی دامودەزگاکانی بە ڕێکوپێکی پەیوەندی نێوان تاکەکان و ڕێکخراوەکان ڕێکبخات و وتووێژو دیالۆگ لە نێوانیاندا دروست بکات،بەڵام حکومەت بەتەنیا ناتوانێت ئەم ژینگە سیاسییە کۆنترۆڵ بکات، لەبەر ئەوەی ئەو ژینگەیە، ژینگەی دروستکردنی بڕیاری تەندروستە بۆ بەژرەوەندی باڵای کۆمەڵگە و بەشێکی گەورە یان هەموو بڕیارەکە،دامودەزگاکانی حکومەت جێبەجێ دەکەن، بەڵام دووبارەی دەکەینەوە حکومەت بەتەنیا ئەو بڕیارانەی پێدروست ناکرێت.

لێرەدا گرنگە ئۆپۆزسیون توخمە گرنگەکانی حکومڕانی تێکەڵ نەکات، هەروەها دەبێت ئاگاداری ئەوەش بێت پارتە سیاسییەکان کە بەشێکیان لە حکومەتدا دەبنە دەسەڵاتدار و بەشێکیشیان لە دەرەوەی حکومەت دەبنە ئۆپۆزسیون، هەردوولایان بەشێکن لە پرۆسەی حکومڕانی، پارت و لایەنی ئۆپۆزسیۆن وەك پارت و لایەنی دەسەڵاتدار لە ناو حکومەتدا، دوو توخمی سەرەکی حکومڕانی وڵاتن، هەربۆیە زۆر گرنگە ئەم دوو لایەنە (ئۆپۆزسیون و حکومەت) لە ناو بازنەی حکومڕانی و بە تەفاعولکردن لەگەڵ توخمەکانی دیکەی ناو بازنەی حکومڕانی دوو ئاراستەی جیاواز بن، بەڵام لەسەر پیادەکردنی حکومڕانی باش یەك دەنگ بن، هەر بۆ نموونە، ئەو پارتەی یان ئەو کۆمەڵە پارتەی ئێستا دەسەڵاتی حکومەت هەڵدەسوڕێنن، بە جۆرێك لەگەڵ توخمەکانی حکومڕانی تەفاعولیان کردووە، کە ئەمە بەرهەمەکەیەتی، دەشێت ئۆپۆزسیون بەرنامەیەکی دیکەی هەبێت بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو توخمانەدا، بەڵام بەمەرجێ هاوڵاتییان بگەیەنێتە قەناعەت کە ئەم بەرنامەیە لە بەرنامەی پارتەکانی دیکە باشترەو بەرهەمێکی باشتری دەبێت، بەڵام بەناوی ئۆپۆزسیونەوە هەوڵبدرێت توخمە سەرەکیەکانی حکومڕانی پەکبخرێن، هەربۆنمونە، ئۆپۆزسیون هیچ بەرەوەندیەکی باڵای نیشتمانی و سەروەری یاسا لەبەرچاو نەگرێت و پرانسیپە ئەخلاقیەکانی میدیای ئازاد بشێوێنێت، ئەوە پێی خۆش بێت یان پێی ناخۆش بێت، ئەوە ئۆپۆزسیون نییە لە کایەی دیموکراسی و هەنگاو هەڵگرتن بۆ حکومڕانی باش، بەڵکو ئەوە بیروبۆچونێکە کە هەموو ئامانجی ئەوەیە ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵ ڕابگرێت و بنەماکانی حکومڕانی باش تێکبشکێنێت، لە هەوڵەکەشیدا سەرکەوتوبێت، بەڵام نابێتە بەشێك لە پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵا بەڵکو دەبێتە کودەتا بەسەر حکومڕانی و تێکدانی ژینگەی سیاسیی تەندروست بۆ ژینگەیەکی سیاسیی دیکتاتۆری،.

### ٢-لەسەر ئاستی ئابوری

لەم ڕاپۆرتەدا فاکتەرە سیاسییەکانمان بۆ حکومڕانی باش، پێش فاکتەرە ئابورییەکان خست، ئەمەش لەبەر ئەوەیە فاکتەری سەقامگیری کە ژینگەیەکی سیاسی تەندروست بەرهەمی دەهێنێت، هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەو سیاستە ئابورییەی کە حکومەت پیادەی دەکات بۆ پەرەپێدان و بونیادنانەوەی ژێر خانی وڵاتەکە، هەروەها ئەو ژینگە سیاسییە هۆکارێکی گرنگە بۆ متمانەی وڵات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، حکومەتێك ئەگەر سەقامگیر نەبێت ناتوانێت داوای یارمەتی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات بۆ ئەوەی هاریکاری بن وەك بەخشەر بۆ بەردەوامی پەرەپێدان، بانك و دامەزراوە نەختیەکان ئامادەنابن قەرز بە هەموو جۆرەکانیەوە بدەن بەو حکومەتە، ئەگەر دڵنیا نەبن ئەو حکومەتە سەقامگیرە، هەربۆیە سیاسەتی ئابوری هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی هەر حکومەتێك و ڕۆڵگیرانی حکومەت لە پرۆسەی حکومڕانی باشدا و





دەكرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێبكەین :

١- حكومڕانی باش پێویستی بە سیاسەتی گەشەسەندنی ئابوری هەیە، پێویستی بە دینامیكیەتی كەرتی تایبەت وسیاسەتێكی دادپەروەری كۆمەڵایەتی هەیە،( بێگومان سیاسەتی دادپەروەری كۆمەڵایەتی بە مانای سەپاندنی یەكسانی نییە و كەس لەوی دیكە زیاتری نەبێت، بەڵكو سیاسەتی دادپەروەری كۆمەڵایەتی بەو مانایەیە كە ڕێژەی هەژاری كەمبێتەوە و بواری كاركردن بۆ هەر تاكێك برەخسێنرێت )هەربۆیە گەشەسەندنی ئابوری و پەرەپێدان باشترین دەسكەوتە بۆ حكومەت بۆ ئەوەی حكومڕانیەكی باش پیادەبكات.

٢- پەرەپێدانی مرۆیی، حكومەت بۆ ئەوەی بنەمای حكومڕانی باش بونیاد بنێت دەبێت هاوڵاتییانی گەورەترین سەرمایەبن و سیاسەتێكی ئەوتۆی هەبێت توانای هاوڵاتییانی پەرەپێبدات، بۆیە دەبێت سیاسەتی حكومەت بەرەو ئەوەبێت خوێندن و فێركردن بەرەو ئاستی ستاندەری جیهانی بەرێت وسیستەمی چاودێری تەندروستی و دابینكردنی خزمەتگوزارییە بنەرەتیەكان دەبێت ئەولەویەتی بەرنامەی حكومەت بێت.

٣- پێویستە سیستەمی دامەزراوەیی حكومەت كاریگەر و یەكگرتوو بێت، پێویستە پشتگیری ململانێی كەرتی تایبەت و ئابوری بازار بكات، ڕێز لە كۆنتراكتەكان بگرێت و مافی مولكایەتی تایبەت بپارێزێت.

٤- دەبێت هۆشیارانە ئابوری نیشمانی هەڵبسوڕێنێت وەهەنگاوی ژیرانە هەڵبگرێت لە پێناوی ئەوەی گەورەترین پێشكەوتنی ئابوری كۆمەڵایەتی لە وڵاتدا مسۆگەر بكات.

ئەم سیاسەتە ئابورییەی بۆ حكومڕانی باش دادەڕێژرێت، دەبێت بە پێی داتا و ژمارە و هەڵكشان و داكشانی چەماوەكانی هێڵكاری (كێرڤ ) هەڵبسەنگێرێن، ئەگەر داتا و ژمارەكان ئیجابی بن و كێرڤەكان لە هەڵكشاندا بوون، ئەوا دەبێت توخمەكانی حكومڕانی بە تایبەتی پارتە سیاسییەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاكان دەربڕ و پیشاندەری ئاستی ئەو گۆڕانكارییە ئیجابیانەبن، دەبێت دان بەوەدا بنرێت ئەو سیاسەتەی ئێستا حكومەت بۆ هەڵسوڕاندنی ئابوری نیشتمانی هەڵیدەگرێت سیاسەتێكی راستە، واتە دەبێت توخمەكانی حكومڕانی دان بەوەدا بنێن: ( ئابوری ئازاد یان ئابوری بازار بنەمای گەشەسەندنی ئابورییە، هاندانی كەرتی تایبەت و ململانێی بازار فاكتەری دۆزینەوەی هەلی كار و كەمكردنەوەی ڕێژەی هەژارییە) كاتێك ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی یان پارتە سیاسییەكان یان میدیاكان ئەم راستیە لە خەڵكی بشارنەوە یان هەوڵبدەن ئەم بنەمایانە بە سیاسەتێكی هەڵە پیشان بدەن ئەوا نەك هەر هاریكاری وڵاتی خۆیان نابن بۆ ئەوەی حكومڕانیەكی باش پیادەبكرێت، بە ڵكو خەڵك و خۆشیان دووچاری سەر لێشێواندن دەكەنەوە و زەمینەی حكومڕانی باش هەڵدەتەكینن، ئەم وشانە نابێت بەو شێوازە لێكبدرێنەوە، كە داننان بە راستییەكان واتە ستایش كردنی حكومەت و نەبوونی ئۆپۆزسیون و وەرگرتنەوەی دەسەڵاتە لە میدیای ئازاد، نەخێر پێویستە میدیای ئازاد و پارتە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی هاندەربن بۆ چەسپاندنی بنەما سەرەكییەكان هەر بۆ نموونە:

ا- كاتێك دەڵێن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەژاری لە كوردستان زیاتر دەبێت، بێگومان راستە جیاوازی لە داهاتی تاكەكەسدا هەیە، راستە هەندێك دەسەڵات خراپ بەكارهاتووە بۆ بەرژەوەندی تاكەكەس و دەوڵەمەندبوونی ناشەرعی، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی ڕێژەی هەژاری لە دابەزیندایە، ئاستی

**زۆر گرنگە ئەم دوو لایەنە (ئۆپۆزسیون و حكومەت) لە ناو بازنەی حكومڕانی و بە تەفاعولكردن لەگەڵ توخمەكانی دیكەی ناو بازنەی حكومڕانی دوو ئاراستەی جیاواز بن، بەڵام لەسەر پیادەكردنی حكومڕانی باش یەک دەنگ بن**

**ئەو ژینگە سیاسییە هۆكارێكی گرنگە بۆ متمانەی وڵات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، حكومەتێک ئەگەر سەقامگیر نەبێت ناتوانێت داوای یارمەتی لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بكات بۆ ئەوەی هاریكاری بن وەک بەخشەر بۆ بەردەوامی پەرەپێدان، بانک و دامەزراوە نەختیەكان ئامادەنابن قەرز بە هەموو جۆرەكانیەوە بدەن بەو حكومەتە**





**ئەم وشانە نابێت بەو شێوازە لێکبدرێنەوە، کە داننان بە راستییەکان واتە ستایش کردنی حکومەت و نەبوونی ئۆپۆزسیون و وەرگرتنەوەی دەسەڵاتە لە میدیای ئازاد**

داهاتی تاکەکەس لە بەرزبونەوەیەدایە، نرخی هەموو کاڵەیەك ( بێجگە لە رۆژنامە و گۆڤارەکان ) لە هەڵکشاندایە، ئەم هەڵکشانی نرخە مانای ئەوەنییە ئێمە پشتگیری لێدەکەین بەڵام ئەمە رەوتی بازاڕە و بازار تەحکومی پێوە دەکات، دەکرێت بەرنامەیەکمان هەبێت بۆ ئەوەی سنورێك بۆ هەڵکشانی نائاسایی نرخی بازار دابنێین، بەڵام دەبێت ئەو بەرنامەیە لە ئازادی زیاتری بازار و ململانێی کەرتی تایبەت سەرچاوە بگرێت، دەشێت رەخنەی توند لە حکومەت بگیرێت کە هەندێك بوار بە هۆی بەرژەوەندنی تاکەکەس یان گروپێکەوە قۆرخکراوە و نرخەکان نائاسایی هەڵدەکشێن، ئەمە بەو رێگەیە چارەسەر ناکرێت، لەم گروپەی بسێنیتەوە و بیدەیتە دەستی گروپێکی دیکە بەڵکو دەبێت پێش هەموو شت قۆرخکردنەکە هەڵبگیرێت، بۆیە زۆر گرنگە میدیا کە رەخنە دەگرێت ئاماژە بە بنەمای راستییەکە بدات، بەوەی کەرتی تایبەت و مافی موڵکداریەتی تایبەت بنەمایەکی گرنگە، بەڵام قۆرخکردن هەڵەیە دەبێت حکومەت لەم کاتەدا دەستوەربداتە کەرتی تایبەت و بە یاسا ئەو قۆرخکردنە نەهێڵێت، ئەگەر حکومەت هاوکار نەبوو بۆ راستکردنەوەی ئەم هەڵەیە یان ئەم کەموکورتییە ئەوا دەبێت توخمەکانی دیکە لە سەر ئامانجە هاوبەشەکە کە پیادەکردنی حکومڕانی باشە بێدەنگ نەبن.

ب- لەسەر بەرگی گۆڤاری ( هۆیەکانی راگەیاندن و ئەخلاق) کە گۆڤارێکی ئەلیکترۆنییە و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەریدەکات، وتەیەکی کۆڵن پاوڵ نوسراوە کە دەڵێت : ئەوەی لە هۆیەکانی راگەیاندنی ئەمریکا بڵاودەبنەوە هەمووی راست نیین، بە ڵام هەموویان پیشاندەری یەك راستین کە لە وڵاتی ئێمە ئازادی هەیە ) هەربۆیە کاتێك رۆژنامەیەك بە ئازادی لە کوردستاندا دەنووسێت لەم وڵاتەدا ئازادی رادەربڕین نییە و چالاکی سیاسیی رێگەی لێدەگیرێت، ئەمە ئەگەر راستیش نەبێت پیشاندانی راستییەکە کە لە کوردستاندا ئازادی رادەربڕین هەیە، لە هەرێمی کوردستاندا میدیای ئازاد ئاسایشی کوردستان بە ئەمنی حزبی بەعس دەچوێنێت، بەڵام ئاسایشی کوردستان قبوڵییەتی میدیا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات، لە چەند رۆژی پێشوودا یەکێك لە بڵاوکراوەکان زۆر بە توندی ئاسایشی بەوە تاوانبار کردووە کە داوای ئەوەیکردووە دەزگاکانی راگەیاندن فۆرمێك بۆ سەلامەتی خۆیان پڕ بکەنەوە و بیدەنە ئاسایش، ئەم هەنگاوەی ئاسایشی وەك سنووربەزاندنیك پیشانی رای گشتی داوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسایش کاردانەوەی نەبووە،

**لە هەرێمی کوردستاندا میدیای ئازاد ئاسایشی کوردستان بە ئەمنی حزبی بەعس دەچوێنێت، بەڵام ئاسایشی کوردستان قبوڵییەتی میدیا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکات**

لە کوردستاندا میدیا نامەی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەت دەنووسێت، بەڵام چۆن نامەیەك! نامەیەك وەك دەسەڵاتێکی باڵاتر لە دەسەڵاتی حکومەت، داوای لێدەکات لە فڵان مەسەلەدا دەسەڵاتی خۆت خراپ بەکارهێناوە، هەروەها قسەی سەر زاری خەڵکی بێ سەلماندن وەك تۆمەت بۆ دەنێرێت، بەڵام سەرۆکی حکومەت قبوڵی دەکات و دەسەڵاتی میدیا و ئازادی رادەربڕین لە دەسەڵاتی حکومەتەکەی گەورەتر سەیر دەکات، ئایا داننان بەم راستییە لە شکۆی میدیا کەمدەکاتەوە، یان نکۆڵی کردن و شێواندنی ئەم راستییە متمانەی میدیا لای هاوڵاتی بەرز دەکاتەوە، بێگومان تیراژی ئەو رۆژنامانەی بەو شێوازە کاردەکەن باشترین وەڵامە بۆئەم پرسیارە، بەدەنگەوە چوونی هاوڵاتییان بۆ ئەو هەواڵانەی بەو جۆرە بڵاودەبنەوە باشترین وەڵامە بۆ ئەو پرسیارە. ئێستا بە داخەوە لەبری ئەوەی هەموو هەوڵەکان بۆ پاراستنی ئەو ژینگە سیاسییە ئازادەبێت، هەندێك رۆژنامە هەوڵدەدەن هەموو سنوورەکان ببەزێنن، بۆ ئەوەی دەسەڵات بڵێت سنوورت بەزاندووە و بە پێی یاسا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، لەگەڵ ئەوەی تائێستا هیچ بڵاوکراوەیەك یان دەزگایەکی راگەیاندن رووبەڕووی ئەم حاڵەتە نەبۆتەوە،






بەڵام هەوڵدراوە وەڵامدانەوە یان نووسینی داوای یاسایی لەسەر رۆژنامەیەك بە سانسۆرکردنی بیروڕای ئازاد بدەنە قەڵەم.

ج- پەنابردن بۆ نەهامەتییەکانی خەڵك وەك ئالەتێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسیی، ئەم رەفتارە دوورە لە رەفتاری ئۆپۆزسیونی سیاسیی کە خۆی وەك بەشێك لە پرۆسەی حکومڕانی سەیر بکات، یان دوورە لە ئاکاری میدیای ئازاد کە خۆی بە یەکێك لە دەسەڵاتەکان و فاکتەرێکی گرنگی حکومڕانی بزانێت، ئۆپۆزسیۆن کاتێك باس لە نارەزایی خەڵك بەرامبەر حکومەت دەکات بە زمانی ژمارە و داتا قسە دەکات، نەك وا بزانێت ئێستاش یەکێکە لە فەرماندەسەربازییەکانی شاخ و نەخشەو پلان بۆ گرتنی رەبیەکی دوژمن دادەڕێژێت و بڵێت، ئەگەر لێرەوە هێرش بەرین بەمشێوەیە ئەگەر لەولاوە هێرش بەرین بەمشێوەیە، بۆیە گرنگە هەموومان دان بەوە دابنێین حکومەت و حکومڕانی نەخشە و پلاندارشتن نییە بۆ شەڕێکی دیاریکراو، بەڵکو پشتگیریکردن و هاودەنگی نێوان توخمەکانی حکومڕانییە بۆ پیادەکردنی حکومڕانییەکی باش.

دەبێت هەموو لەو خاڵەوە بۆچونەکانمان ئاراستە بکەین کە هیچ حکومەتێك بێ کەموکوری نییە، کەموکورییەکان مەرج نییە کەموکورتی بە ئەنقەست بن، بەڵکو زۆر جار پێداویستیەکانی رۆژانە لە ئیمکانییەتی حکومەت گەورەترن، یان حکومەت نەیتوانیوە وەك پێویست تواناکانی بەپێی ئەولەویەتی پێویستییەکان رێکبخات، هەربۆیە ئەگەر ئامانج ئەوەبێت کەموکورتی حکومەت پیشانبدرێت و حکومەت و حکومڕانی ناشرین بکرێت ئەوا هەموو حکومەتێك کەموکورتی هەیە، بەڵام ئەگەر ئامانج ئەوەبێت هەموومان بەشدار و پشتگیربین بۆ حکومڕانییەکی باش، ئەوا لەبری ئەوەی هەوڵبدەین حکومەت بروخێنین هاوکاردەبین بۆ ئەوەی کەموکورتیەکانی حکومەت چارەسەریکەین و رێز لە ئیرادەی حکومەتی شەرعی خۆمان بگرین تا هەڵبژاردنی داهاتوو.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی لەسەر هەندێك دەستەواژە رابوەستین کە بۆتە رێژەی نەگۆری کۆمەڵیك بڵاوکراوە کە دەیانەوێت وەك وتەبێژی ئۆپۆزسیون لە ناو کۆمەڵگە خۆیان پیشانبدەن:

- خەڵك هەمووی بێزار و نارازییە.
- حکومەت سەرتاپا گەندەڵە و خزمەتگوزارییە بنەرەتییەکان پشتگوێ خراون.
- جیاوازی لە نێوان موچەی فەرمانبەراندا هەیە، وەزیرێك و ئەندام پەرلەمانێك موچەکەی ٢٠ هێندەی فەرمانبەرێکی ئاساییە.
- کاتێك حکومەت گریبەستێك ئیمزا دەکات یان بازارێکی هاوچەرخ دەکاتەوە، حکومەت بەوە تاوانبار دەکەن کە دەسەڵاتی خۆی بەکارهێناوە و سیاسەتی حکومەت لە خزمەتی چینێکی دیاریکراودایە.
- هەندێك بارودۆخ تایبەت بە ئازادی ئافرەت و یەکسانی نێوان ژن و پیاو، پەیوەستە بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگە، هەربۆیە کە ئافرەتێك دووچاری توندوتیژی دەبێتەوە یان دەکوژرێت، لەبری ئەوەی هاوکاری حکومەت بکەن بۆ دۆزینەوەی تاوانبار و ریشەکێش کردنی ئەو دیاردە قێزەونە، کە لەهەموو کۆمەڵگەیەکی هاوشێوەی ئێمە بوونی هەیە، دەبینینن هەموو هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەن کە نەریتە قێزەونە کۆمەڵایەتییەکە بشارنەوە و حکومەت تاوانبار بکەن.
- میدیای بەو شێوەیە خۆی پیشاندەدا کە باشترین پاڵپشتە بۆ ئازادی ئافرەت و هاندانی ئافرەت بۆ بەشداری سیاسیی و لەنێو دامەزراوەکانی حکومەتدا، بەڵام هەر میدیای ئازادیشە سنوری ئەم ئازادییە بچوکدەکاتەوە و هەندێك

●●●
**لە کوردستاندا میدیا نامەی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەت دەنووسێت، بەڵام چۆن نامەیەک! نامەیەک وەک دەسەڵاتێکی باڵاتر لە دەسەڵاتی حکومەت**
●●●

●●●
**زۆر جار پێداویستیەکانی رۆژانە لە ئیمکانییەتی حکومەت گەورەترن**
●●●

**ئەگەر ئامانج ئەوەبێت هەموومان بەشدار و پشتگیربین بۆ حكومڕانییەكی باش، ئەوا لەبری ئەوەی هەوڵبدەین حكومەت بروخێنین هاوكاردەبین بۆ ئەوەی كەموكورتیەكانی حكومەت چارەسەربكەین و رێز لە ئیرادەی حكومەتی شەرعی خۆمان بگرین تا هەڵبژاردنی داهاتوو**

هەواڵ بە جۆرێك بڵاودەكەنەوە كە ئافرەت نەتوانێت ئازادانە بەشداری بكات.

بێگومان ناتوانینن بە درێژی لەسەر هەریەك لەم نەگۆڕانەی نێو هەندێك لەو میدییانە رابوەستین، بەڵام بە خێرای ئاماژە بە هەندێكیـــان دەكەین كە پەیوەندی بە بەشـــێكی زۆری كۆمەڵگەوە هەیە لەوانە:

١- كاتێك دەڵێن هەموو خەڵك نارازییە، دەبێت پێناســەیەك بۆ خەڵك هەبێت، پســپۆرانی دیموكراسی كاتێك دەڵێن ( لە بنەڕەتدا دیموكراســییەت حكومی كەمینە بووە) بێگومان ئەم قسەیە هەروا بە سانایی ناكەن بەڵكو هاتوون پێناسەی هاوڵاتیبوونیان لە یۆنانی كۆندا كردووە و پرسیویانە: هاوڵاتی كێیە ؟ بە پێی ئەو پۆلینەی یۆنانی كۆن ئەوانەی بە هاوڵاتی لـــە قەڵەمدراون كەمینە بوون، زۆرینە مافی هاوڵاتیبوون و دەنگدانی نەبووە لەوانـــە: ئافرەت، كۆیلە، بازرگان، بیانی، ئەمانـــە وەك هاوڵاتی مافی دەنگدانیـــان نەبووە، بۆیە كە دەڵێین دیموكراسییەت واتە حكومی زۆرینەی هاوڵاتییانە، هاوڵاتییان لە یۆنانـــی كۆن كەمینەی ناو كۆمەڵگە بوون، ئەم نموونەیەمان بۆیە بەراشكاوی خستە روو، بۆ ئەوەیە لەو رۆژنامەیە بپرســـین ئایا بە لۆژیكی ئێوە پێناســـەی خەڵك چییــە؟ ئایا خەڵك تەنیا ئەو كەســانەن كە چەپڵە بۆ ئێوە لێدەدەن، یان ئەو كەســـانەن لە ســـایتە ئەلكترۆنیەكاندا بە ناوی خوازراو لەســـەر ئەم و ئەو دەنووسن،؟ راستییەك هەیە دەبێت هەموو لایەك دانـــی پێدابنێن، ئەویش ئەوەیە هەموو كات داواكاری و خواستی خەڵك مانای بێزاری و نارەزایی نییە، لە چوارچێوەدانی خواست وداواكاری خەڵك بە بێزاری ونارەزایی دژی حكومڕانی ئامانجێكی سیاســـی خراپی لێدەخوێنرێتەوە و پرۆسەكە لە كایەی دیموكراسی دەردەهێنێت و رێگە چارەی دیكەی بـــۆ دەدۆزێتەوە، كەهەندێك رێگە چارە وەك لە هەندێك نوســـین ئاماژەی پێدەكرێت، مرۆڤ شەرمەدەكات كاتێك باسی كۆمەڵگەی دیموكراسی دەكات.

جارێكی دیكە ئاماژەیان پێبكاتەوە.

ئـــەوەی هەندێك بـــە نارەزایی و بێزاری خەڵك تەفســـیری دەكەن، نارەزایی و بێزاری نییە، بەڵكو خواست و داواكارییە، هەر بۆنموونە خەڵك دەیەوێت خزمەتگوزارییە ســـەرەكییەكانی بەزوویـــی بۆ دابینبكرێـــت، قوتابیانی زانكـــۆ داوا دەكەن پێش هاتنی ســـەرما نەوتی پێویستیان بۆ دابینكرابێت و لە بەشـــە ناوخۆییەكاندا خزمەتگوزاری پێویســـت هەبێت، یان رێكخراوێكـــی كۆمەڵگەی مەدەنی داوادەكـــەن توێژێكی كۆمەڵگە پشتگوێ خراوە لەبەر چاو بگیرێن، رۆژنامەكانیش بێجگە لە یەكدوانێكیان نەبێت كە خەریكە ئامانجی خۆیان بۆ رووخاندنی پرۆسەی حكومڕانی ئاشكرا دەكەن، ئەوانی دیكە نارەزایی و بێزاری دژی حكومەت و حكومڕانی بڵاوناكەنەوە، بەڵكـــو هەوڵیانداوە خواســـت و داواكانی خەڵـــك بگەیەنێتە حكومەت، حكومەتیش وەك خواســـت و داواكاری مامەڵەی لەگەڵدا كردووە و هەموو كاتێكیش مافی بە هاوڵاتییان داوە و حكومەتی بە كەمتەرخەم پیشـــانداوە و تەنانەت هەوڵیشی نەداوە پاكانە لە خۆشی بكات كە لە هەندێك حاڵەتە هۆكاری كەموكورتییەكان باردۆخی بابەتـــی و كەمی ئیمكانییەتی حكومـــەت بووە، نـــەك هۆكاری خـــودی حكومەت، بەڵام چونكە خواســـت و داواكاری بوون نەك بێزاری و نارەزایی، رێز لە خواست و داواكارییەكان گیراوە و هەوڵیشدراوە بەپێی بەرنامە خواست و داواكان جێبەجی بكرێن.

هەربۆیـــە كاتێـــك هەوڵدەدرێت خواســـت و داواكاری بخرێتە چوارچێوەی بێزاری و نارەزایی، دەبێت بپرســـین پێناســـەی ئەو خەڵكە چییە؟ باشە كە هەموو خەڵك بێزار و نارازییە و رۆژانـــەش وەعزیان بۆ دەخوێنرێتەوە، ئایا چی رێگرە لەوەی ئەو خەڵكە بارودۆخەكە نەگۆڕێت؟، ئایا تا ئێستا بەندكراوێك لەسەر مەسەلەی سیاسیی هەیە ؟ بێگومان بەندكراو لەسەر مەسەلەی تیرۆر هەیە بەڵام تیرۆریستان بە سیاسیی لەقەڵەم نادرێن. لەوانەیە یەكێك لەو هۆكارانەی بۆتە هۆكاری ئەوەی

**ئافرەتێک دووچاری توندوتیژی دەبێتەوە یان دەكوژرێت، لەبری ئەوەی هاوكاری حكومەت بكەن بۆ دۆزینەوەی تاوانبار و ریشەكێش كردنی ئەو دیاردە قێزەونە، كە لەهەموو كۆمەڵگەیەكی هاوشێوەی ئێمە بوونی هەیە، دەبینین هەموو هەوڵەكانیان بەو ئاراستەیەن كە نەریتە قێزەونە كۆمەڵایەتییەكە بشارنەوە و حكومەت تاوانبار بكەن**





جیبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانی خەڵك دوا بکەوێت، ئەوەبێت کە حکومەت لەبەر زۆری ڕێژەی فەرمانبەر و موچە خۆر ئەو ئیمکانییەتەی لەبەر دەست نەبێت کە بتوانێت بەرنامە بۆ جێبەجێکردنی هەموویان دابڕێژێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو لایەنەی خۆی وەك ئۆپۆزسیون و بەشێك لە حکومڕانی پیشاندەدا، هەستاوە رۆڵی نیشتمانی خۆی بگێڕێت و خەڵك هانبدات بەتەنیا پشـت بە موچەی حکومەت نەبەسـتن و هەوڵبدەن لەکەرتی تایبەت کاربکەن؟ ئایا هەستاوە بەئەرکی نیشتمانی خۆی بەوەی خەڵك بەو ئاراستەیە هۆشیار بکاتەوە، کەپێویسـتە کەرتی تایبەت فراوانبکرێت و کەرتی گشـتی بچووکبکرێتـەوە؟ ئایا هاتووە ئامارێك بڵاوبکاتەوە و ئاماژە بەوە بکات کە بەرێژەی ٥٠٪ کارمەندانی حکومەت زیادن و پێویستە ئەم توانایانە لە شوێنی دیکە سوودیان لێوەربگیرێت؟ ئایا تا ئێسـتا پەنای بردۆتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی زانسـتی بۆ ئەوەی پێشـانی حکومەتی بدات چـۆن پەرە بەتوانای مرۆیی بدرێت لە کوردسـتاندا ؟ ئایا هەوڵیداوە کەلتووری شـاخ لە هزری نەوەکانی ئێستا بسـڕێتەوە و هانیان بدات حکومڕانی، خەباتی چەکداری شاخ نییە؟ ئەمانەو چەندین پرسـیاری دیکەی گرنگ کە پێویستە رۆژانە بوروژێنرێن و چارەسـەریان بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام چارەسەرێك کە ببێتە هاندەر وپشتگیری بۆ حکومڕانی باش لە کوردستاندا، نەك چەواشـەکردنی چەمکەکان و تەفسـیرکردنی داواکاری بە بێزاری و نارەزایی و گۆران و دەستاوەدەسـتکردنی دەسەڵات بە رووخاندن و کودەتا.

## چارەسەر هۆکارە بۆ سەرخستنی چاکسازی وبەرەو پێشەوە چوون

ئەلکسەندەر داونەر وەزیری دەرەوەی ئوسترالیا لەو پێشەکییەی بۆ ناساندنی ئاستی حکومڕانی باشی ئوسترالیای نوسیووە سەبارەت بە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەو کەموکوڕییەکان نووسیویەتی: (مەسـەلەکانی حکومڕانی لە شوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی دیکە جیاوازە، هەربۆیە چارەسەری کێشەکانی حکومڕانیـش دەبێـت وەك کاڵا بەقـەد باڵای کێشـەکە بدورێت،هەربۆیـە هەرگیز یەك پێوانە یان یەك شـێواز بۆ چارەسەری کێشەکانی حکومڕانی نابن)

(Governance issues differ from place to place، and the solutions to governance problems must be tailored individually. But although we will never have a ‘one size fits all’ solution to governance issues)

ئەم دەسنیشـانکردنەی داونەر بۆ ئاسـتی حکومڕانی لە ئوستراليا، دەسنیشانکردێکی گرنگە و زیرەکانە دەسنیشانی کردووە، بێگومان بۆ ئێمەش گرنگە چارەسەری گونجاو بۆ کێشـەکانی خۆمان بدۆزینەوە و باردۆخی بابەتی و خودی خۆمـان لەبەر چاو بگرین و هەوڵیش بدەین بە شـێوەیەکی شەفافانە راستیەکان بۆ هاوڵاتییانی خۆمان روونبکەینەوە. ئەوکات لەبەر رۆشنایی واقیعی کوردستان بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی دەرەوە هەوڵبدەین چارەسەری گونجاو بدۆزینەوە، بەڵام لە سـەرەتاوە بێن و هیـچ تایبەتمەندێکی باردۆخی بابەتی خۆمان لەبەرچاو نەگرین و هەوڵیش نەدەین خۆمان ماندوو بکەین و ئەزموونی سەرکەوتوو و فاشیلی قۆناخی بونیادنەوەی نەتـەوە بۆ هاوڵاتییانی خۆمان روونبکەینەوە، ئەوە غەدرێکی گەورە لەم قۆناخە مێژووییە و لە نەوەکانی داهاتووشمان دەکەین..

بۆ ئـەم راپۆرتە هەوڵمانداوە بۆچوونی چەند پسـپۆڕێکی نـاوداری جیهانی وەربگرین، بەڵام پرسـیارەکانمان کە لەو بەرێزانەمان کردووە بەو ئاراسـتەیە نیین کە هەوڵبدەین هەق بدەیـن بە حکومـەت و توخمەکانی دیکـەی حکومڕانی فەرامۆش بکەین، بەڵکو هەوڵمانداوە ئامانجی پرسیارەکانمان ئەوەبێت کە ئەو پسـپۆڕانە وێنەیەکـی جوانی بنەماکانی حکومڕانی باش پیشانی خوینەرانی گوڵان بدەین.






**ئایا ئەو لایەنەی خۆی وەک ئۆپۆزسیون و بەشێک لە حکومڕانی پیشاندەدا، هەستاوە رۆڵی نیشتمانی خۆی بگێڕێت و خەڵک هانبدات بەتەنیا پشت بە موچەی حکومەت نەبەستن و هەوڵبدەن لەکەرتی تایبەت کاربکەن؟ ئایا هەستاوە بەئەرکی نیشتمانی خۆی بەوەی خەڵک بەو ئاراستەیە هۆشیار بکاتەوە، کەپێویستە کەرتی تایبەت فراوانبکرێت و کەرتی گشتی بچووکبکرێتەوە**

**ئایا ئۆپۆزیسیۆن تا ئێستا پەنای بردۆتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ ئەوەی پیشانی حکومەتی بدات چۆن پەرە بەتوانای مرۆیی بدرێت لە کوردستاندا**

سکۆت مککلیورگ پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر بەشداری سیاسیی هاوڵاتییان بۆ گوڵان:

# لە سیستەمە دیموکراسیەکان هاوڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە لە سیاسەتی حکومەت ناڕازی بن و دیدوبۆچونی جیاوازیان هەبێت



سکۆت دی ماککلیورگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی (Southern Illinois University) و پسپۆر و تایبەتمەندا لە بوارەکانی (بەشداری سیاسیی،رای گشتی،ئاکاری هەڵبژاردن ) پرۆفیسۆر سکۆت بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا بە مەرجی سەرکەوتنی سیستەمە حکومڕانییەکە دەزانێت، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان حکومەت و هاووڵاتی و توخمەکانی حکومڕانی باش بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

*** ئایا پێناسەی حکومڕانێتی باش چییە و چ کاتێك دەتوانین حکوم لەسەر ئەوە بدەین کە رژێمێك هەڵساوە بە پیادەکردنی حکومڕانێتی باش؟**

- ئەوە پرسیارێکی ئاڵۆزە و لە روانگەی دیموکراسیەوە ئەمە پەیوەستە بە توانای سیستەمە سیاسییەکەوە بۆ ئەوەی دوو شت ئەنجام بدات، یەکەمیان بوار بۆ تێکڕای بیروبۆچوونە سیاسییە جۆراجۆرەکان بڕەخسێنێت، دووهەمیان هەل و مەرجێك بخوڵقێنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو جیاوازیانە، واتە لایەنە سیاسییە جیاوازەکان بتوانن لەسەر گرتنەبەری سیاسەتێکی گشتی بگەنە رێککەوتن.

*** بەڵام زۆرێك لە شارەزایان پێیانوایە دیموکراسی مۆدێلێکە بۆ حکومڕانێتی باش و هەندێکی دیکەیان جیاوازی لە نێوان دیموکراسی و حکومڕانێتی باش دەکەن، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن پێناسەی حکومڕانێتی باش دەکەین و لەم رووەوە چ پێوەرگەلێك بەکار دەهێنین، بۆ نموونە هەندێ جار رای گشتی پێیانوایە بوونی نوێنەرانی ئەوان لە ناو حکومەتدا یەکێکە لە پێوەرەکان، بەڵام ئەمە هەمیشە نابێتە هۆی ئەوەی سیاسەتێکی گشتی بێ کەموکوڕتی بگیرێتەبەر، لەلایەکی دیکەوە هیچ شتێك نییە کە وابکات هەمیشە دیموکراسی باشترین شێواز بێت.

*** ئایا رۆڵی پارتە سیاسییەکان چییە لە شێوازی ئەو سیستمی حکومڕانێتییەی پیادە دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدا هەم لە دیموکراسی و هەم لە دیکتاتۆریەتدا پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بە گەڵاڵەکردنی بەرنامەی حکومەت؟**

- تەنها بوونی پارتە سیاسیەکان نابێتە هۆی ئەوەی ئەم پارتانە پارتگەلێکی دیموکراتی بن، لەبەر ئەوەی لە سیستمی ئۆتۆکراتیدا پارتە سیاسیەکان بوونیان هەیە بە هەمان شێوە لە سیستمی دیموکراتییەکاندا. لە راستیدا رۆڵی پارتە سیاسییەکان دەوەستێتە سەر ئەو سیستمە سیاسییەی تێیدا هەڵدەسوڕێن، بۆ نموونە لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا لەبەر ئەوەی سیستمی حکومڕان هانی دیدوبۆچوونە جیاوازەکانی نەدەدا بۆ ئەوەی بەشداری لە بڕیار و حکومڕانێتیدا بکەن، ئەوا ئەرك و چالاکی پارتە سیاسیەکان بە ئاڕاستەی پەرەپێدانی بونیادی ئۆتۆکراتی دەسەڵاتدا بوو، بەڵام لە وڵاتانی وەك ئەڵمانیا و وڵاتە هاوشێوەکانی دیکەدا پارتە سیاسیەکان پتر جەختیان لەسەر بەدەستهێنانی دەنگی هاووڵاتیان دەکردەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، واتە کار و ئەلەویاتەکانیان جیاواز بوو بە بەراورد بە پارتەکانی یەکێتی سۆڤیەت. لە لایەکی دیکەوە دەبێت هەل و مەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش لەبەرچاو بگرین لە کاتی سازدانی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگداندا، لەبەر ئەوەی هەندێ جار هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێن، بەڵام هەڵبژاردنەکان کراوە و ئازاد نین، بۆ نموونە کاتێك نایەکسانییەکی ئابووری گەورە هەبێت لە وڵاتێکدا و دەسەڵات بە دەست نوخبەیەکی دیاری کراوەوە بێت، ئەوا هاووڵاتییان ئازاد نین لە کاتی دەنگداندا، ئەگەرچی بە پێی یاسا ئازادن و مافی یەکسانیشیان هەیە.

*** شارەزا سیاسییەکان پێیان وایە تۆتالیتاریات بریتیە لە بوونی تەنها کەسێکی حکومڕان کە دەسەڵاتێکی رەهای هەبێت، لە کاتێکدا دیموکراسی بریتیە لە سیستمی دامەزراوەکان کە تێیدا هاوڵاتیان هاوکاری دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی زۆرجار تەمەنی ئۆتۆکراتی لە تەمەنی دیموکراسی درێژترە؟**

- وەڵامی ئەم پرسیارە دەوەستێتە سەر دوو خەسڵەتی بنەڕەتی فۆرمی حکومەتەکە، یەکەمیان ئایا چۆن سیستمی حکومڕانیکردنەکە داڕێژراوە بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی کۆمەڵگەکە، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا هەمو هاووڵاتییەك مافی ئەوەی گوزارشت لە دیدوبۆچوونی خۆی بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەر هاووڵاتییەك تا رادەیەك هەست بە رەزامەندی بکات، بەڵام هەموو هاووڵاتییانیش هەست بەوە دەکەن کە مافەکانیان پارێزراوە، کەواتە یەکەمیان پەیوەستە بە چۆنییەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییە

سیاسییەکانەوە لە دیموکراسیدا، دووەمیان پەیوەستە بە سروشتی ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵگەکەوە، بۆ نموونە ناکرێت هەندێ لە ناکۆکییەکان بە هۆی ئامرازە سیاسییەکانەوە یەکلابکرێنەوە، بۆ نموونە دەبێت سەرەتا کۆدەنگیەکی کۆمەڵایەتی بهێنرێتەدی پێش ئەوەی چارەسەرە سیاسییەکە کاریگەری هەبێت. لە هەندێ لە ناکۆکییە سەختەکاندا وەك پاکسازی رەگەزی و جینۆسایدیدا تەنها ئەتوانم ئاماژە بە ئەفریقیای باشوور بکەم کە توانیویەتی بارودۆخێکی یەکجار دژوار بە شێوەیەکی ئاشتیانە و هێمنانە چارەسەربکات.

*** ئاماژە سەرەکیەکانی سیستمێکی دیموکراسی بریتیە لە رێژەی بەرزی داهاتی تاکەکەس، رەخساندنی ئازادی بۆ هاوڵاتیان، لە کاتێکدا لە رژێمە تۆتالیتاریەکاندا قسە و لێدوانەکانی سەرۆکی وڵاتەکە دەبنە بڕیار و سیاسەت، هۆکارەکانی ئەم جیاوازیانە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەستە بە دەسەڵاتی سیاسی و چۆنییەتی بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە بەرامبەر هاووڵاتیاندا، لە رژێمە شمولیەکاندا ئامانج و پاڵنەری گروپی حکومڕان پاراستن و درێژەپێدانی دەسەڵاتە، لەم پێناوەشدا پەنا بۆ سەرکوتکردنی دەنگە بەرهەڵستکارەکان دەبەن و کەشی ترس دروست دەکەن بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت ببێتە مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان. لە کاتێکدا سیستەمە دیموکراسیەکان رێز لە ئازادیە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان دەگرن و هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە کە لە سیاسەتی حکومەت ناڕازی بن و دیدوبۆچونی جیاوازیان هەبێت.

*** لە دیموکراسیدا ئاڵ وگۆڕی دەسەڵات هەیە و هیچ لایەك تاسەر لە دەسەڵاتدا نامێنێتەوە، ئایا دەبێت بەرەی دەسەڵاتدار و بەرەی بەرهەڵستکار چۆن رەفتار بکەن بۆ ئەوەی پرۆسە دیموکراسیەکە بەردەوام بێت؟**

- یەکێك لە پێوەرەکان کە بایەخێکی زۆری هەیە بریتیە لە ئامادەیی بۆ قبوڵکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەگەرچی پێچەوانەی خواستی تۆش بن، دەبێت پارتە سیاسییەکان بەشداری لە شەرعیەت پێدانی سیستەمە سیاسییەکەدا بکەن بۆ ئەوەی سیستمەکە سەرکەوتوبێت. لەلایەکی دیکەوە هەندێ هەل و مەرج هەیە کە دیموکراسی تێیاندا گەشەناکات، بۆ نموونە ئەگەر سوپا و هێزی سەربازی وڵاتەکە لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدارە سیاسییەکاندا بن ئەوا زۆر بە ئاسانی ئەو دەسەڵاتدارانە دەتوانن دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان رەت بکەنەوە ئەگەر لە بەرژەوەندی ئەوان نەبوو و دەتوانن بەو شێوەیە هەڵبژاردنەکە دووبارە بکەنەوە کە دەرئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی ئەوان بێت. کەواتە ئەوەی گرنگ ئەوەیە کە هەموو لایەك ئامادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و کراوەبێت و ئامادەی قبوڵکردنی دەرئەنجامەکانیشی بێت.

*** جیاوازی لە نێوان پارتە بەرهەڵستکارەکانی وڵاتانی رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا هەیە، بۆ نموونە پارتە بەرهەڵستکارەکانی رۆژهەڵات پەنا بۆ توندوتیژی و بەکارهێنانی هێز دەبەن بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانیان، ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەم پارتە بەرهەڵستکارانە پەنا بۆ شێوازە دیموکراسییەکان ببەن؟**

- ئەوەی زۆر گرنگە لەوەی پێی دەڵێین دیموکراسییە سەرکەوتوەکان، بریتیە لە ئاڵ و گۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات و گۆڕینی سیاسەت، لە لایەکی دیکەوە ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە رێگە بە پارتە بەرهەڵستکارەکان بدرێت کە هێندەی سەنگ و دەستڕۆیشتوی خۆیان کاریگەریان هەبێت، من نالێم ئەگەر پارتێکی دیاری کراو تەنها لەسەدا بیستی دەنگەکانی بەدەست هێنا دەبێت بەسەر سیستمی حکومڕانیتیدا باڵادەست بێت، بەڵام ئەگەر بە رێگە شەرعییەکان شوێنی شیاو بەم پارتە نەدرا و پارتە حکومڕانەکە ئامادەنەبوو لە بەرامبەر بەدەستهێنانی پشتگیری ئەم پارتەدا سازشی لە گەڵدا بکات ئەوا حاڵەتەکە بەرەو توندووتیژی دەڕوات.

*** لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتی و دواکەوتوەکاندا کەلتوری توندوتیژی زاڵە بەسەر کەلتوری لێبوردەی و پێکەوەژیان، ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین کەلتوری یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان پەرە پێ بدەین؟**

- ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارەم بزانیایە مامۆستای زانکۆ نەدەبوم و خۆم بۆ سەرۆکایەتی دەپاڵاوت. من پێموایە مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە دەبێت هاووڵاتییان و سیاسەتمەداران، شەرعیەتی سیستەمە دیموکراسییەکە قبوڵ بکەن و شکست و سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکاندا قبوڵ بکەن، ئەگەرنا هیچ هێزێك نییە بتوانێت بە زەبری هێز بیسەپێنێت بە سەریاندا بە شێوەیەك کە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەمەش ئەرکێکی سەختە و پێویستی بە کار و کۆششی زۆر و دان بە خۆداگرتن و کاتێکی دوورودرێژە. مێژوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێمان دەڵێت جیابوونەوە و هەوڵەکانی جیابونەوە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە دەبێت عێراقییەکان هەوڵ و کۆششی جیددی بکەن بۆ ئەوەی دیموکراسی لە وڵاتەکەیاندا سەرکەوتوبێت.

●●●

**تەنها بوونی پارتە سیاسیەکان نابێتە هۆی ئەوەی ئەم پارتانە پارتگەلێکی دیموکراتی بن، لەبەر ئەوەی لە سیستمی ئۆتۆکراتیدا پارتە سیاسیەکان بوونیان هەیە بە هەمان شێوە لە سیستمی دیموکراتییەکاندا**

●●●

●●●

**سیستەمە دیموکراسیەکان رێز لە ئازادیە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان دەگرن و هاووڵاتیان مافی ئەوەیان هەیە کە لە سیاسەتی حکومەت ناڕازی بن و دیدوبۆچونی جیاوازیان هەبێت**

●●●

رۆبەرت ئەوین پسپۆر و تایبەتمەند لە هەڵسەنگاندنی حکومڕانی بۆ گوڵان :

# پێموانییە سیستەمێکی حکومڕانێکردن هەبێت و بێ خەوش بێت



رۆبەرت ئیف ئەوین ئوستادی ئابوورییە لە زانکۆی ناتیس (Nantes) لە فەرەنسا و پسپۆر و تایبەتمەندە لە بواری گەشەسەندنی ئابووری و چاودێری سیاسەتی نەختی و بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی توێژەرانی فەرەنسایە لە ساڵانی ١٩٩٨-١٩٩٩ راوێژکاری بانکی دراوی نێودەوڵەتی بووە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی ئاسیا و هەروەها لەسەر ئاستی کۆمیسیونی یەکێتی ئەوروپاش چەند جارێك وەك راوێژکار دەستنیشانکراوە . پرۆفیسۆر رۆبەرت لە نزیکەوە بۆ هەڵسەنگاندنی حکومڕانی لە شوێنە جیاوازەکانی کاریکردووە، هەربۆیە بۆ زیاتر وتوێژکردن لەسەر بنەماکانی حکومڕانی باش پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر رۆبەرت کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

*** ئێوە پسپۆر و تایبەتمەندن لەسەر هەڵسەنگاندنی حکومڕانی و بەکردەیش بەشداربوون لەو هەڵسەنگاندنانە . ئایا ئەو بنەمایانە چین کە پشتیان پێدەبەستن ؟**

- بە شێوەیەکی گشتی چەند خەسڵەتێك هەن بۆ هەڵسەنگاندنی حکومڕانێتی باش وەك رێزگرتن لە سەروەری یاسا، ژینگەیەکی سیاسی سەقامگیر، شەفافیەت و بەرپرسیارێتی و بەشداری کردنی هاووڵاتیان لە بڕیارە سیاسیەکاندا، ئەگەر ئەم پێوەرانە بەکار بهێنین ئەوا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی سەنگافورە بکەین کە لەم رووەوە سەرکەوتووە، لەبەرئەوەی توانیویەتی سەقامگیری بچەسپێنێت و بە باشی رووبەڕووی گەندەڵی ببێتەوە و توندوتیژی لە کۆمەڵگەدا نەهێڵێت، بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی وەك عێراق بڕوانین ئەوا هێشتا کارێکی زۆرمان لە پێشە بۆ ئەوەی ئەم پێوەرانە لە عێراقدا بهێنرێنەدی.

***هەندێك لە پسپۆران پێیان وایە دیموکراسی هەموو کاتێك مانای حکومڕانی باش نییە، هەربۆیە جیاوازی لە نێوان دیموکراسی و حکومڕانێتی باش دەکەن، تێڕوانینی ئێوە چییە لەم رووەوە؟**

- سەرەتا من پێموانیە سیستەمێکی حکومڕانێکردن هەبێت و بێ خەوش بێت، دواتر من تێڕوانینێکی تایبەتیم هەیە دەربارەی ئەم پرسیارەی ئێوە، بەڵام سەرەتا دەمەوێت ئاماژە بە لێکدانەوەی مارتی ئیسێن بکەم کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە لە زانکۆی هارڤارد، کە پێیوایە دیموکراسی گرنگی خۆی هەیە بۆ گەشەکردنی ئابووری لە مەودای دووردا و ئەو دەڵێت ئەگەر دیموکراسی نەبوو ئەوا ئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەریت نابێت و ئەو کاتە دەسەڵات هەڵدەستێت بە پێشێلکردنی مافەکانی هاووڵاتیان، ئەو نموونەی هیندستان و چین ئەهێنێتەوە، کە چۆن دەسەڵاتدارانی هیندستان دیموکراتیانەتر رەفتار لەگەڵ هاووڵاتیانی وڵاتەکەیاندا دەکەن. بە تێڕوانینی من دیموکراسی سروشتێکی لەرزۆکی هەیە و پێویستی بە هاووڵاتیانی هۆشیار هەیە. ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئەزموونێکی دورودرێژ نین لە بواری دیموکراسیدا وەك روسیا و عێراق، ئەوا هەمیشە دیموکراسی پرۆسەیەکی سەخت دەبێت تێیاندا، بە تایبەتی لەبەرئەوەی هاووڵاتیانی تێگەیشتنێکی تەواویان نییە لە بارەی ئەوەی دیموکراسی چییە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ سەرهەڵدانی گیروگرفت و دەرئەنجامی نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە هۆکاری سەرنەکەوتنی دیموکراسی لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریقیادا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئازادی رۆژنامەگەری نییە و زانیاری راست و دروست و پێویست ناگات بە هاووڵاتیان. بەڵام لە هەموو حاڵەتەکاندا دەبێت هەوڵی جێبەجێکردنی بنەما سەرەکیەکانی حکومڕانێکردنی باش بدرێت، ئەو بنەما سەرەکیانەی پێشتر ئاماژەم پێکرد.

*** کەواتە لەم حاڵەتەدا رۆڵی پارتە سیاسیەکان چی دەبێت؟**

- پارتە سیاسییەکانی ئامرازگەلێکن بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن لە رێیانەوە گوزارشت لە هەڵوێستەکانیان بکەن و بوونی پارتە سیاسییە جیاوازەکانیش تا رادەیەك دیاردەیەکی تەندروستە لەبەرئەوەی بواری گفتو و راگۆڕینەوە دەڕەخسێنێت، لە راستیدا یەکێك لەو رەخنانەی لە وڵاتی سەنگافورە و چین دەگیرێت ئەوەیە کە تەنها پارتێکی دیاری کراو حکومڕانێتی دەکات، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ بوونی راگۆڕینەوەی ئازاد، بۆ نموونە رۆڵی رۆژنامە لە ئاشکراکردنی راستییەکان و پەرەپێدانی راگۆڕینەوە رۆڵێکی بنەڕەتیە لەم رووەوە و هۆکارێکە بۆ دروست بوونی دیاردەیەك تەندروست کە بریتییە لە راگۆڕینەوە و گفتوگۆکردنی ئازاد. یەکێکی دیکە لە مەسەلەکان بریتیە لە کاریگەری ئەو کەس و گروپانەی خاوەنی داهاتێکی زۆرن لەسەر سیاسیەت، بۆ نموونە زۆرێك لەو گروپانەی خاوەنی بەرژەوەندی تایبەتن کاریگەریەکی زیاد لە پێویستیان هەیە لەسەر دەرئەنجامەکان.

***ئەی سەبارەت بە سیستەمە تۆتالیتاریەکان چی دەڵێن، کە هەتا ئێستاش لە زۆر وڵات دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە؟**

- بە زۆری سیستەمە شمولیەکان سیستەمی سەرکوتکارن و دەسەڵات هەڵدەستێت بە کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە لە کاتێکدا یەکێك لە دەرئەنجامەکانی گفتوگۆ و راگۆڕینەوەی ئازاد ئەوەیە دەبێت حکومەت بەرپرسیار بێت و زۆرێك لە هاووڵاتیان لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا کاتێك نارازی دەبن لە ئەدای حکومەت هەڵدەستن بە چاودێریکردن چۆنییەتی حکومڕانیکردن و گۆڕینی ئەو حکومەتە. ئەمەش هەندێ جار دیاردەیەکی تەندروستە. دەبێت رێز لە دەستووری سیستەمە سیاسییەکە بگیرێت و ئەوەی لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە کە دەبێت حکومەت شکست و دۆڕان قبوڵ بکات و ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات هەبێت، کاتێك هاووڵاتیان حکومەتێکی دیکە هەڵدەبژێرن، بەڵام لە سایەی رژێمی شمولیدا ئەم

حاڵەتانە بوونیان نییە، بەڵكو بە پێچەوانەوە تاقە سەركردەیەك هەڵدەستێت بە سەپاندنی ئیرادەی خۆی بەسەر كۆمەڵگەدا و لەم پێناوەدا پەنا بۆ بەكارهێنانی هێز دەبات و رێگە بە دروست بوونی بەرەی بەرهەڵستكار و رەخنەگرتن نادات، لەبەر ئەوە من دژی شمولیەتم و پشتگیری لە دیموكراسی دەكەم كە دەرفەت بە بەشداری كردنی هاووڵاتیان دەدات.

***راستە لە دیموكراسیدا ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات هەیە و هیچ لایەك تاسەر لە دەسەڵاتدا نامێنێتەوە، ئایا دەبێت بەرەی دەسەڵاتدار و بەرەی بەرهەڵستكار چۆن رەفتار بكەن بۆ ئەوەی پرۆسە دیموكراسیەكە بەردەوام بێت؟**

- زۆرجار لە دیموكراسیدا پارتێكی دیاری كراو بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، ئەمە شتێكی ئاساییە، بەڵام دەبێت هاوشان بێت بەو حاڵەتەی كە دەبێت كاربەدەست و دەسەڵاتداران بەرپرسیاربن لە بەرامبەر بڕیار و كردەوەكانیاندا، واتە دەبێت بەردەوام لە ژێر چاودێری هاوڵاتیان و دەنگدەراندا بن بۆ ئەوەی دەسەڵاتەكەیان خراپ بەكارنەهێنن، ئەمە شتێكی خوازراوە. لەبەر ئەوەی زۆرجار گۆڕینی بەردەوامی حكومەت كە زۆرجار ئەو حكومەتەی دێت هەڵدەستێت بە پێچەوانەكردنەوەی بڕیار و كارەكانی حكومەتەكەی پێشێوی و ناسەقامگیری سیاسی لێدەكەوێتەوە.

من دژی بەكارهێنانی توندتیژیم لە هەر لایەنێكەوە بێت، لەبەرئەوەی كاریگەری خراپی لەسەر تێكڕای وڵات و كۆمەڵگە دەبێت، لە راستیدا نەهێشتنی مەیلی پەنابردنە بەر توندتیژی پێویستی بە پەروەردە و ئەنجامدانی دانوستاندن و هەندێ جار سازشكردن هەیە، بۆ نموونە لە زۆرێك لە وڵاتە ئەورووپییەكاندا پارتە سیاسییەكان سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچونیان هەڵدەستن بە پێكهێنانی هاوپەیمانێتی و سازشكردن لە گەڵ یەكدا لە پێناو بەدی هێنانی بەرژەوەندیە باڵاكانی وڵاتەكەیاندا. لە لایەكی دیكەوە كاتێك وەك رژێمێكی سەركوتكار لە رژێمی حكومڕان بڕوانرێت ئەوا ئەمە دەبێتە هۆی بەكارهێنانی توندوتیژی لە لایەن بەرهەڵستكارەكانەوە، لەبەرئەوەی تووندوتیژی پێچەوانەی لێدەكەوێتەوە.

***ئایا دەبێت چی بكرێت بۆ ئەوەی بتوانین كلتووری یەكتر قبوڵكردن و پێكەوەژیان پەرە پێبدەین؟**

- ئەگەر وەڵامێكی ئاسان بۆ ئەم پرسیارە هەبوایە، ئەوا ناكۆكی فەلەستین و ئیسرائیل چارەسەر دەبوو، ئاشتی لە عێراقدا دەهاتەدی، ئەمە هەل و مەرجێكی سەختە، بەڵام دەكرێت لەم رووەوە ئاماژەی بە حاڵەتی ئیرلەندای باكوور بكەن كە دوای ئەو هەموو كارەسات و تووندوتیژیە لایەنەكان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی كە درێژەكێشانی ئەو حاڵەتە كۆمەڵگەكە ناگەیەنێتە هیچ ئامانجێك. من پێموایە لەم رووەوە سەرهەڵدانی ئەو سەركردانە لە هەردوولاوە گرنگی خۆیان هەیە كە ئامادەبن جیاوازیەكان تێپەڕێنن و لە ئایندە بڕوانن و كار بۆ چەسپاندنی گیانی لێبوردەی بكەن.

*** ئایا لەم رووەوە گەشبینیت بە ئایندەی عێراق؟**

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە رۆژنامەكانەوە دەیان خوێنمەوە لە بارەی عێراقەوە، ئەوا ئێستا گەشبینیەكی زیاتر هەیە بە بەراورد بە ساڵێك یان دو ساڵ پێش ئێستا، بەڵام ئەوەی زۆر مەترسیدارە لە عێراقدا بوونی توندڕەوی و دەمارگیری ئاینیە لەو وڵاتەدا كە ئەمەش ئاستەنگە لەبەردەم چەسپاندنی لێبوردەیی و پێكەوەژیان، لەبەر ئەوە ئەم ئەركە لە عێراقدا ئەركێكی دژوارە و ئێوەش وەك رۆژناموس بەرپرسیارێتی و ئەركێكی گەورەتان لەسەر شانە لەم رووەوە.

●●●

**چەند خەسڵەتێك هەن بۆ هەڵسەنگاندنی حكومڕانێتی باش وەك رێزگرتن لە سەروەری یاسا، ژینگەیەكی سیاسی سەقامگیر، شەفافیەت و بەرپرسیارێتی و بەشداری كردنی هاووڵاتیان لە بڕیارە سیاسیەكاندا**

●●●

●●●

**دیموكراسی گرنگی خۆی هەیە بۆ گەشەكردنی ئابووری لە مەودای دووردا و ئەگەر دیموكراسی نەبوو ئەوا ئازادی رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەگەریت نابێت و ئەو كاتە دەسەڵات هەڵدەستێت بە پێشێلكردنی مافەكانی هاووڵاتیان**

●●●



ستیڤن تایلۆر تایبەتمەند لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووبۆ گوڵان:

# حکومڕانی باش واتە دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و دەرفەتی بەشداریکردن لە داڕشتنی سیاسەتدا



***چۆن دەتوانین پێوەرێك بەکاربهێنین و بڵێین سیستەمێکی سیاسیی حکومڕانییەکی باش پیادەدەکات؟**

- ئەوە پرسیارێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، دەکرێت ئاماژە بە چەند لایەنێك بکەین بۆ پێوانەکردنی سیستەمێکی باش وەك خوڵقاندنی هەلو مەرجێك لە لایەن حکومەتەوە کە بتوانێت خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بۆ هاوڵاتیان دابین بکات، دەرفەتی بەشداری کردن لە داڕشتنی سیاسەتدا بۆ هاوڵاتیان بڕەخسێنێت و نیزام و یاسا بچەسپێنێت بێ ئەوەی پەنا بۆ سەرکوتکاری ببات.

*** ئایا دەتوانیین بڵێین سیستەمی دیموکراسی واتە پیادەکردنی حکومڕانی باش؟**

- سەرەتا هیچ سیستەمێك نییە بێ کەم و کوڕی بێت، دواتر هەر سیستەمێك بانگەشەی دیموکراسی بوونی کرد مەرج نییە بتوانێت حکومڕانێتی باش بخاتەگەڕ، زۆرجار حکومڕانێتی باش پەیوەستە بە توانای حکومەتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا هەڵبستێت بە داڕشتنی سیاسەت، بەڵام سیاسەتێك بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان لەبەرچاو بگرێت. واتە مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی چۆن پێناسەی حکومڕانێتی باش دەکرێت کە بە شێوەیەکی گشتی بریتیە لە حکومڕانێکردن بە چەشنێك داواکاریەکانی هاوڵاتیان لەبەرچاو بگرێت و حکومڕانێتیەکی گەندەڵ نەبێت و سامان و سەرچاوەکانی وڵات بە فیڕۆنەدات.

*** پارتە سیاسییەکان حکومەت دروستدەکەن ئایا ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لەم پرۆسەیەدا چییە ؟**

- ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان دەوەستێتە سەر ئەو شێوازی حکومڕانێتیەی پیادە دەکرێت، بۆ نموونە لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا، پارتە سیاسییەکان کێبڕکێی لەسەر بەدەستهێنانی دەسەڵات دەکەن و لەم ڕووەوە ئامرازێکن بۆ گوزارشتکردن لە ڕاوبۆچون و هەڵوێستی ڕای گشتی، بەڵام پارتە سیاسییەکان لە سیاقێکی وەك سیاقی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا ئامرازێك بوون بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە.

***بەڕێزت ئاماژەت بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو کرد، بەڵام زۆر جار دەبینن تەمەنی سیستەمە تۆتالیتارییەکان لە سیستەمە دیموکراتییەکان درێژترە، بەڕای تۆ هۆکاری ئەمە چییە ؟**

- ئەگەر لە مێژووی هاوچەرخ بڕوانیت ئەوا مەرج نییە جۆرێکی دیاری کراو لە حکومڕانێتی درێژخایەنتر بێت لە جۆرەکانی دیکە، ئەم مەسەلەیەش پتر پەیوەستە بە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەکە و هەلومەرجەکانەوە نەك بە سروشتی سیستەمی حکومڕانێتیەکەوە.

***لە سیستەمی دیموکراسیدا هاوڵاتیان شانازی بە خۆشگوزارانییەوە دەکەن و ئاماژە بە پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابوری دەکەن، بەڵام لە ژێر دەسەڵاتی تۆتالیتاریەدا هاوڵاتیان شانازی بە گوتاری سەرۆکەکانیان دەکەن، ئایا سەرچاوەی بەرهەمهێنانی ئەم جیاوازییە چییە؟**

- ئەوە پەیوەندی بەو ڕاستیەوە هەیە کە لە ڕژێمە شمولیەکاندا دەسەڵات لە دەستی چەند کەسێکی دیاری کراودا چڕبۆتەوە و هیچ لایەك ناتوانێت بیێتە تەحەددا بۆیان و هیچ لایەك ناتوانێت گومان لە ڕاست و دروستی ڕاگەیاندراوەکانیان بکات و ڕەخنە لە چۆنییەتی هەڵسوڕاندنی کاروبارەکان بگرێت، بە چەشنی ئەوەی سەددام حوسێن دەیکرد لە عێراقدا. بەڵام لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا ئەگەر بڕیاربەدەست و کاربەدەستان ڕاگەیاندنی ناڕاست بدەن ئەوا کارەکانیان لە دەست دەدەن و پێگەکانیان دەدۆڕێنن. بە شێوەیەکی گشتی هەموو حکومەتێك هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتن و باشترکردنی گوزەرانی خەڵکەکەیان دەدەن، لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا حکومڕانەکان هەوڵ ئەدەن لە ڕێی باشترکردنی هەل و مەرجی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیانەوە درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاوڵاتیان لە ئاست حکومەتەکەیاندا ڕازی بوون ئەوا لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێ دەدەن و دووبارە دەسەڵاتیان پێدەدەنەوە.

*** لە دیموکراسیدا ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات هەیە و هیچ لایەك تاسەر لە دەسەڵاتدا نامێنێتەوە، ئایا دەبێت بەرەی دەسەڵاتدار و بەرەی بەرهەڵستکار چۆن ڕەفتار بکەن بۆ ئەوەی پرۆسە دیموکراسیەکە بەردەوام بێت؟**

- یەکێك لە لایەن و ڕەهەندە گرنگەکانی دیموکراسی ئەوەیە براوە و دۆڕاو هەیە، یاخود سەرکەوتو و شکستخواردو هەیە لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام لایەنە سەرکەوتو ناتوانێت کەڵکی خراپ لە دەسەڵات وەربگرێت لە دژی لایەنی شکستخوارد، هەروەها لایەنی شکستخواردوش دەبێت لە چوارچێوەی ڕێساکانی سیستەمەکەدا کاربکات و چاوەڕوانی دەرفەتێکی دیکە بکات بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. ئەگەر هەردوولا بەم شێوەیە ڕەفتار نەکەن ئەوا چارەنوسی سیستەمە

■■■

**ستیڤن تایلۆر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ترۆی (TROY)و پسپۆڕی تایبەتمەندە لەسەر حکومڕانی و بونیادی دیموکراسی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتودا ولەسەر چەندین پرۆسەی بونیادی دیموکراتی کاریکردووە لەوانە پرۆسەی دیموکراتی لە کۆلۆمبیا،هەروەها بایەخێکی گرنگیشی بەتێکڕای شێوازی حکومڕانی ئەمەریکای لاتین داوە، ئەزموونی ئەمەریکای لاتین بە بەراورد لەگەڵ ئەزموونی ئیسپانیای دوای فرانکۆ ئەزموونێکی سەرکەوتوو نییە، هەربۆیە ئەو پسپۆڕانەی لەسەر ئەمەریکای لاتین تایبەتمەندن زیاتر بە نێو ئاستەنگەکانی حکومڕانی ڕۆدەچن و لە وردەکارییەکان نزیکدەبنەوە، تایلۆر لەسەر باردۆخی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئاگادارە، هەربۆیە کاتێك باسی ئایندەی عێراقمان لێپرسی پێی ڕاگەیاندین دەبێت جاری چاوەڕێ بکەین بزانین عێراق بەیەکگرتوویی دەمێنێتەوە یان نامێنێتەوە ؟ سەبارەت بە تێڕوانیینەکانیشی بۆ چۆنییەتی هەڵسەنگاندنی دیموکراسی ستیڤن تایلۆر بەمجۆرە را و سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**

■■■

دیموکراسیەکە دەکەوێتە مەترسییەوە و سەرئەنجام لە ناو دەچێت، هەر بۆیە ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد یەکێکە لە بنەما بنەڕەتیەکانی دیموکراسی.

*** ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی لایەنی بەرهەڵستکار پەنا بۆ شێوازی نادیموکراسییانە نەبات؟**

- دەبێت زەمانەت بدرێتە لایەنە بەرهەڵستکارەکان لە لایەن پارتە حکومڕانەکان و دەبێت پارتە سەرکەوتووەکان هەندێ سازش بۆ پارتە شکستخواردووەکان بکەن بۆ ئەوەی وەك بەشێك لە پرۆسەکە بمێننەوە، واتە دەبێت تێکڕای لایەنەکان هەست بکەن بەشێکن لە پرۆسەکە، دەبێت تێکڕای لایەنەکان بەشداری لە پرۆسەکەدا بکەن، تەنانەت ئەو لایەنانەی کە لە هەڵبژاردنەکاند سەرکەوتوو نەبوونە بۆ ئەوەی دەرفەتیان بۆ برەخسێنرێت تاوەکو جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن. واتە ئەگەر پارتی حکومڕان کەڵکی خراپی لە دەسەڵات وەرگرت لە دژی بەرهەڵستکارەکان، ئەوا بەرهەڵستکارەکانیش پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، لەبەر ئەوە مەسەلەکە پەیوەستە بە بنیاتنانی متمانە و سازشکردنەوە، ئەمەش لایەنە سەخت و دژوارەکەی دیموکراسیە.

*** لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و دواکەوتووەکاندا کەلتوری ئۆتۆکراتی زاڵە بەسەر کەلتوری لێبوردەی و پێکەوەژیان، ئایا دەبێت چی بکرێت بۆ ئەوەی بتوانین کەلتوری یەکتر قبوڵکردن و پێکەوەژیان پەرە پێ بدەین؟**

- ئەمە یەکێکە لە تەحەددا گەورەکانی بەردەم پرۆسەی بە دیموکراتیکردن کە پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ پێکەوەژیان و بنیاتنانی متمانە و ئاوێتەکردنی بیربۆچونە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا نەك ڕوانین لە ڕوانگە جیاوازەکان وەك دوژمن، هەروەها پەیوەندی بە سازشکردنی لایەنە حکومڕانەکانەوە هەیە، هەموو ئەمانە ئەرکی سەختن و پێویستیان بە کاتێکی دورودرێژە بۆ ئەوەی بهێنرێنەدی. بەڵام دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند نمونەیەکی سەرکەوتو بکەین، وەك وڵاتی سویسرا کە سەرەڕای جیاوازیە ئاینی و نەتەوەیەکان توانراوە هاوسەنگیەك بدۆزرێتەوە و ئەو پێکهاتە جیاوازانە ئاشتیانە پێکەوەبژین، هەروەها دەتوانین ئاماژە بە وڵاتانی ئەسکەندەنافیا بکەین، هەروەها هەندێ لە وڵاتانی ئاسیا و ئەمەریکای لاتین کە پێشتر کەلتوری ئۆتۆکراتی زاڵ بوو تیایاندا.

سەبارەت بە عێراقیش من ئەوەندە دەڵێم کە **هەر سیستەمێکی حکومڕانێتی پیادە بکرێت، ئەوا دەبێت زەمانات بە لایەنە جیاوازەکان بدرێت کە پەراوێز ناکرێن لە پرۆسەکەدا، ئیدی مەسەلەکە داهاتی نەوت بێت یان بەشداری کردن بێت لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی حکومەتدا**. دەبێت پێکهاتە جیاوازەکان ئامادەی هاوکاری کردنی یەکتری و سازشکردن بن لەگەڵ یەکدا، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین ئایا عێراق بە یەکگرتووی دەمێنێتەوە یاخود بەرەو دابەشبوون دەچێت؟.

**زۆرجار حکومڕانێتی باش پەیوەستە بە توانای حکومەتەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا هەڵبستێت بە داڕشتنی سیاسەت، بەڵام سیاسەتێک بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان لەبەرچاو بگرێت**

**لە کۆمەڵگە دیموکراسیەکاندا، پارتە سیاسییەکان کێبڕکێی لەسەر بەدەستهێنانی دەسەڵات دەکەن و لەم ڕووەوە ئامرازێکن بۆ گوزارشتکردن لە ڕاوبۆچون و هەڵوێستی ڕای گشتی**



**ئەمیتای ئیتزاین خاوەنی پلانی Z بۆ چارەسەرکردنی عێراق بۆ گوڵان:**

# فیدرالیزم کێشەی عێراق چارەسەردەکات نەک دیموکراسی



**پرۆفیسۆر ئەمیتای ئیتزاین ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی جورج واشنتۆن و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشەی عێراق بەتایبەتی و عێراق و ئەفغانستان بە تایبەتی، ئیتزاین بۆ چارەسەری کێشەی عێراق دابینکردنی ئاسایش بە هەنگاوی یەکەم دەزانێت، بەڵام بەو شێوازەی لە پلانی Z ئاماژەی پێکردووە نەك وەك ئەو ستراتیژەی ئەمریکا کە لە پرۆسەی Surge پیادەی کرد، بۆچوونی ئیتزایۆنی لە بۆچوونی جۆزیف بایدنیش جیاوازە، راستە پلانی Z لەرووی پیادەکردنی فیدرالیزمەوە تارادەیەك لە پلانی B بایدن دەچێت، بەڵام لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ملیشیاو چەکدارەکانی عێراقدا جیاوازە، بۆ خوێندنەوەی ئایندەی عێراق و کێشەکانی ئێستا پرۆفیسۆر ئیتزاین بەمجۆرە رای خۆی بۆ گولان دەربڕی :**

*** پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بە چەشنێك تێکچووە کە پێشبینی ناکرێت بە ئاسانی بۆ رێگای راست بگەڕێنرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ئاست هەل و مەرجی ئێستای عێراقدا بێدەنگە، ئایا ئەم بێدەنگیە لە رەشبینی ئەمەریکاوە سەرچاوەی گرتووە لە ئاست پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا؟**

- دەبێت چاوەڕوانی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا بکەین لەبەر ئەوەی سەرکردە جیاوازەکان هەڵوێست و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆرێك لە خەڵك گەشبین نین لەم روەوە.

*** شارەزا و شیکەرەوە سیاسیەکان پێیان وایە باشترین چارەسەر بۆ کێشەی عێراق بریتیە لە گرتنەبەری فیدراڵیزم و دیموکراسی، بەڵام لەم ساتەوەختەدا حکومەتی عێراقی هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز دەدات، ئایا هەڵسەنگاندنی شارەزیان راست و دروستە یاخود ئەو هەنگاوانەی حکومەتی عێراقی دەیانگرێتەبەر؟**

- من یەکێکم لەو کەسانەی کە پشتگیریەکی بەهێزم لە چەسپاندنی بونیادێکی فیدراڵی کردووە لە عێراقدا کە تێیدا هەرێمەکان زۆرترین دەسەڵاتیان هەبێت بەسەر کاروبارە ناوخۆییەکانیاندا.

*** زۆرێك لە شارەزایانی رۆژئاوا لەو ئێش و ئازارانە تێناگەن کە عێراقییەکان بە دەست حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزەوە چەشتویانە، بۆ نموونە لای عێراقییەکان حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بە مانای گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت دێت تێڕوانینی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- ئومێدی ئەوە هەبوو کە حکومەتی مەرکەزی عێراق وەك شەریکێکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کاربکات و نیگەرانی لە ئاستی پیادەکردنی فیدراڵیزمدا ئەوەبو کە دەبێتە هۆی ئەوەی شیعەکانی باشوور پتر روبکەنە ئێران. بەڵام دەبێت هەموو لایەك ئەو راستیە لەبەرچاو بگرێت کە لە عێراقدا پێکهاتەی جیاواز هەیە و لەساڵانی بیستەکانی سەدەی رابردودا تا رادەیەکی دیاری کراو عێراق لە لایەن بەریتانیەکانەوە وەك دەوڵەتێکی دەستکرد دروستکرا.

*** توندوتیژی لە عێراقدا ئاڕاستەیەکی دیکەی گرتووە کە دەتوانیین پێی بڵێین تیرۆری سیاسی، لەبەر ئەوەی ئێستا ئەندام پەرلەمان و بەرپرسەکان دەکرێنە ئامانج، هەروەها پاکسازی رەگەزی دژی مەسیحیەکانی عێراق پیادە دەکرێت ئایا چۆن دەتوانین رێ لەم کارەساتە بگرین؟**

- من پێم وایە ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە کۆتاییدا هەر پێکهاتەیەك بەرپرسیارێتی ئەندامەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ، واتە هێزی مەحەلی پێك بهێنرێت و حکومەتی مەرکەزیش پتر کاروبارە دەرەکیەکان بەڕێوە ببات وەك پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکە و لەگەڵ نەتەوە یەکگرتوەکان و پەرەپێدانی پەیوەندیە دیبلۆماسیەکان.

***ئەگەر لە مێژوی عێراق بڕوانین ئەوا مێژویەکی خوێناوی هەیە، لەبەر ئەوەی هەمیشە کەمینەیەك جڵەوی حکومڕانێتی بەدەستەوە بووە، تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ کەمینەی سوننەکان حکومڕان بوون، بەڵام دواتر کەمینەیەك لە شیعەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئایا چۆن دەکرێت کۆتای بەم حاڵەتە بهێنین لە عێراقدا و دیموکراسی لە عێراقدا بچسپێنین؟**

-مەسەلەکە پتر پەیوەستە بە فیدراڵیزمەوە زیاتر لە دیموکراسی، لەبەر ئەوەی ئەگەر کوردەکان بتوانن حکومڕانێتی کاروبارەکانی خۆیان بکەن و ئەگەر زۆربەی بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە لە لایەن شیعەکانەوە بەڕێوەببردرێت و سوننەکانیش ناوچەکەی خۆیان بەڕێوە ببەن ئەوا ئەمە دەبێتە هەنگاوی یەکەم. هەروەك ئێوەش دەزانن کێشەی کەرکوك و تورکمانەکان دەمێنێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەبێت هەر گروپێك کاروبارەکانی خۆی بەڕێوەببات و لە راستیدا میلیشیای خۆی هەبێت، بەڵام کێشەکە لەو ناوچانەدایە کە دانیشتوانێکی تێکەوڵاویان هەیە. لە راستیدا زۆربەی بەشەکانی وڵاتەکە ئامادەن کە هەر گروپێك هەڵبستێت بە بەڕێوبردنی کاروبارە ناوخۆییەکانی خۆی، بە چەشنی ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا هەیە کە پەنجا ویلایەت هەیە و هەر یەکەیان کاروبارەکانی خۆی بەڕێوە دەبات، بەڵام لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی دەرەوەدا پێویست بە هەڵوێستێکی یەکگرتو دەکات.

*** لە عێراقدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەبێتە هۆی ئەوەی رەوتی ئیسلامیەکان دەسەڵات بگرنە دەست و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی بە چەشنی ئێران، لە لایەکی دیکەوە مەترسی عەسکەرتاریەت و کودەتای سەربازی و حوکمی کەمینە لە ئارادایە، ئایا لە نێوان ئەم دوو رێگاچارەیەدا بۆ عێراق رێگاچارەی سێیەم بەدی دەکرێت؟**

-من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە دەبێت دەرفەت بە هەر گروپێك بدرێت بۆ ئەوەی بەو شێوەیە کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە ببات کە پێی باشە، بۆ نمونە ئەگەر لە شاری بەسرە یان بابل هەڵبستن بە داخستنی مەحەلەکانی فرۆشتنی مەشروبات ئەوا نابێت هێزەکانی ئەمەریکا بنێرین و رێگە لەو کارە بگرین، ئەوە کاری ئەمەریکا نیە شێوە حکومڕانێکردنێکی دیاری کراو بەسەر عێراقییەکاندا بسەپێنێت، ئەم مەسەلەیە بۆ عێراقییەکان دەگەڕێتەوە و دەبێت خۆیان بڕیاری لەبارەوە بدەن.

جامس ستۆنەر: پسپۆر تایبەتمەند لەسەر دۆسیێی عێراق بۆ گوڵان:

# هەڵبژاردن لە عێراقدا واتە چەسپاندنی حکومی زۆرینە



**جامس ستۆنەر، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی واشنتۆن و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد و دۆسیێی عێراق و چەندین جار سەردانی عێراق و کوردستانی کردووە، بۆ هەڵسەنگاندنی رەوشی ئەمڕۆی عێراق و ئایندەی کورد لە عێراقدا ستۆنەر لە لێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە :**

*** هەست بە بێدەنگی ئەمەریکا دەکرێت سەبارەت بە پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا ئایا هۆکاری ئەم بێدەنگیە چییە؟**

- من پێم وایە حاڵی حازر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پتر سەرقاڵە بە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکان و ئەو قەیرانە داراییەی دووچاری بۆتەوە و ناتوانێت وەك پێویست بایەخ بە بارودۆخی عێراق بدات.

*ئایا هەڵسەنگاندنی ئێوە چیە بۆ ئایندەی عێراق بەلەبەرچاوگرتنی ئەم بارودۆخە؟

- من پێم وانییە بایەخێکی پێویست بە پیادەکردن و چەسپاندنی فیدراڵیزم درابێت لە عێراقدا. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد لەم ساتەوەختەدا تەواوی بایەخ و سەرنجاکانی ئەمەریکا سەرقاڵن بە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکان و ئەو تەنگژە داراییەی رووبەڕووی ئەمەریکا بۆتەوە. هەرچەندە رەنگە هۆکاری ئەو هەڵوێستەی ئەمەریکاش لە بەشێکیدا بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بەرەوپێشچوونی سەربازی بەرچاو لە عێراقدا بەدی هاتووە.

***لای عێراقیەکان حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بە مانای گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت دێت تێڕوانینی ئێوە چیە لەم رووەوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ لێکدانەوەکەی ئێوەدا، لەبەر ئەوەی لە هەموو شوێنێك ئەوە بەدی دەکەین کە بایەخ بە بەهێزکردنی دەسەڵاتی مەرکەزی دەدرێت بە تایبەتی بە هۆی رۆڵی ئەم حکومەتانەوە لە روبەڕوبونەوەی ئەو قەیرانە داراییەی سەری هەڵداوە، واتە لەم ساتەوەختەدا لە هەموو شوێنێکی رۆژئاوادا بایەخێکی کەمتر بە داخوازی و پێداویستیەکانی دانیشتوانە مەحەلیەکان دەدرێت، هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە بگۆڕێت. من پێم وایە ئەوەی دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بریتیە لە سیستمێکی فیدراڵی کە تێیدا هەرێمەکان کۆنترۆڵی کاروبارە مەحەلیەکانی خۆیان بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا کار لە گەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بکەن لەو بوارانەدا کە پەیوەندیان بە تێکڕای وڵاتەکەوە هەیە.

*** توندوتیژی لە عێراقدا ئاڕاستەیەکی دیکەی گرتووە کە دەتوانین پێی بڵێین تیرۆری سیاسی ئایا چۆن دەتوانین رێ لەم کارەساتە بگرین؟**

- من وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم، بەڵام پێم وایە ئەمە مایەی نیگەرانییەکی زۆرە. لە لایەکی دیکەوە پێدەچێت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هەست بە جۆرێك لە خۆڕازی بوون بکات لەبەر ئەوەی لەو باوەڕەدایە کە خراپترین حاڵەتی توندوتیژی لە عێراقدا تێپەڕیوە. ئەوە راستە کە حاڵی حارز رای گشتی ئەمەریکا بایەخێکی تەواو بە بارودۆخی عێراق نادات، لە لایەکی دیکەوە دەبێت چاوەڕوانی دەرئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکانی ئەمەریکا بکەین، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ئەو پاڵیوراوەی زیاتر ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە بنەڕەتدا پشتگیری لە رزگارکردنی عێراق نەکرد، لەبەر ئەوە من پێشبینی ئەوە دەکەم ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا نیگەرانییەکی زۆر لە عێراقدا دروست دەکات. بەڵام ئەو هەستەش هەیە کە پابەند دەبێت بە ئیلتیزامەتەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا.

*** ئایا چۆن دەکرێت کۆتای بەم حاڵەتە بهێنین لە عێراقدا و دیموکراسی لە عێراقدا بچسپێنین؟**

- شیعەکان زۆرینەی عێراق پێکدەهێنن و رەنگە ئەمەش مەترسی لە سەر باڵادەستبوونی کوردەکان دروست بکات لە هەرێمەکەی خۆیاندا، لە لایەکی دیکەوە رەنگە لە روانگەی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە بوونی لایەن و هاوپەیمانێتی جیاواز لە ناو شیعەکاندا شتێکی ئیجابی بێت. بەڵام لە هەمووحاڵەتەکاندا ئەگەر حکومەتی عێراقی کە شیعەکانی زاڵن بەسەریدا بەرژەوەندی و داخوزایەکانی گروپە کەمینەکانی لەبەرچاو نەگرت ئەوا ئەمە کێشە دەخولقێنێت، لەبەر ئەوە دەبێت ئەم کەم و کوڕیە چارەسەربکرێت، لە ئەمەریکادا لە رێی جێگیرکردنی بونیادێکی فیدراڵیەوە ئەم کێشەیە یەکلاکراوتەوە.

*** لە عێراقدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەبێتە هۆی ئەوەی رەوتی ئیسلامیەکان دەسەڵات بگرنە دەست و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی ئیسلامی، لە لایەکی دیکەوە مەترسی عەسکەرتاریەت و حوکمی کەمینە لە ئارادایە، ئایا لە نێوان ئەم دوو رێگاچارەیەدا بۆ عێراق رێگاچارەی سێیەم بەدی دەکرێت؟**

- رەنگە رێگاچارەی سێیەم تەنیا بریتی بێت لە چەسپاندنی بونیادێکی فیدراڵی لە دەستوری وڵاتەکەدا.

*** بۆچی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتوەکان بە دوای چارەسەرێکی گونجاودا ناگەڕێن بۆ عێراق؟**

- نابێت لەم رووەوە ئۆمێدمان بە نەتەوە یەکگرتوەکان هەبێت، ئەوەی پەیوندی بە ئەمەریکاوە هەبێ ئەوا ئەمەریکا ئومێدی ئەوەی هەبوو کە عێراقیەکان بتوانن دەستورێکی باش دابڕژێن و پیادەی بکەن بۆ ئەوەی خۆیان حکومڕانێتی خۆیان بکەن، هیچ کاتێك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا پلانی ئەوەی نەبووە حکومڕانێتی عێراق بکات. ئەمەریکا هەڵسا بۆ لە ناوبردنی سەددام حوسێن کە هەڕەشەبوو بۆ سەر ئاشتی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ عێراقیەکان بڕەخسێنێت تاوەکو بتوانن پەرە بە حکومەتێکی دەستوری بدەن و ئاشتی و سەقامگیری بچەسپێنن و دیموکراسی بهێننەدی و گەشەی ئابووری بەدەست بهێنن.

***ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەمەریکا واقیعی عێراق لەبەرچاو بگریت؟**

- ئەمەریکا هەمیشە واقیعی عێراقی لەبەرچاو گرتووە، هەروەها ئومێدی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ئەوەیە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق پەرە بە بونیادێکی دەستووری بدەن بۆ ئەوەی بتوانن ببنە هۆکارێکی بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

کارگەی P.V.C شینکۆ،بە نوێترین سیستەمی سەردەم

سومێت گەنگەلی، پسپۆرو تایبەتمەند لەسەر فیدرالیزم بۆ گوڵان:

# جێی داخە دووبارە بەرژەوەندی کورد پشتگوێ خراوە



سومێت گەنگەلی کە ئێستا راگری کۆلێژی جامیس مادیسۆنە لە زانکۆی میشیگان پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر فیدرالیزم بەگشتی و فییدرالیزمی هیندستان بەتایبەتی، گەنگەلی بایەخێکی گرنگ بە دۆسێی عێراق وەك دۆسێی وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرە ئایین داوە، هەربۆیە لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی عێراقە و لەوە تێدەگات ئەو چارەسەرانەی بە تیۆری وەك فیدرالیزم و دیموکراسی کە بۆ عێراق دیایدەکرێت لەسەر ئەرزی واقیع چەند ئاستەنگیان دێتەرێ. لەو هەڤپەیڤینە تایبەتەی لەگەڵ گوڵاندا گەنگەلی بەمجۆرە رای خۆی دەربری:

*** ئەگەر پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا شکست بهێنێت ئایا ئەمریکا دەتوانێت چی بکات؟**

- ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی ئێمە ئەم پرسیارە رووبەڕووی کێ دەکەینەوە، لەبەر ئەوەی کەسانێك هەن کە گەشبینن بە ئایندەی عێراق، لە لایەکی دیکەوە کەسانێکی دیکە هەن کە رەشبینیەکی قوڵیان هەیە لە ئاست عێراقدا. من پێموایە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هیچ کارێکی لە دەست نایەت لەم ساتەوەختەدا یاخود کارێکی زۆر کەمی لە دەست دێت و بە تێڕوانینی من باشترین شت لە لایەن ئەمەریکاوە ئەوەیە کە لە عێراق بکشێتەوە لەبەر ئەوەی ئێمە بەشێك نین لە چارەسەرەکە، بەڵکو بەشێکین لە کێشەکە.

***ئەی کەواتە بە بۆچوونی تۆ چ ئایندەیەك چاوەڕێی عێراق دەکات ؟**

- راستە دیموکراسی و فیدراڵیزم باشترین رێگاچارەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانین هەڵبستین بە پیادەکردن و جێگیرکردنیان، لەبەر ئەوەی لایەنگەلێکی دیاری کراو هەن لە عێراقدا کە پەرۆش نین بۆ جێبەجێکردنیان. ئەوەی پەیوەندی بە پێکهێنانی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزەوە هەبێت ئەوا رەنگە حکومەتێکی لەم چەشنە پێویست بێت بۆ رزگاربوونی نەتەوەیی و بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام ئەگەر نەتوانرا مافی گرووپە کەمینەکان زەمان بکرێت، یاخود ئەگەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی لە سەر حسابی سەرکوتکردنی کەمینەکان بوو، ئەوا ئەمە سەردەکێشێت بۆ کارەسات.

***ئایا ئێوە لە ئێمە تیدەگەن کە باسی مەترسی حکومەتی مەرکەزی دەکەین، ئایا دەزانن لای عێراقییەکان حکومەتی مەرکەزی بەهێز واتە گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەدام حوسێن ؟**

- من تەواو هاوڕام لە گەڵ ئێوەدا کە زۆرێك لە ئەمەریکییەکان لە هەستیاری مەسەلەکە تێناگەن و مەترسی گەڕانەوەی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بە کەم دەگرن و دەرئەنجامە خراپەکانی لەبەرچاو ناگرن. ئەوەی لە عێراقدا روودەدات مایەی نیگەرانییەکی قوڵە و ئەگەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حکومەتی عێراق هەنگاوی پێویست هەڵنەگرن بۆ چارەسەرکردنی ئەوا لە ئایندەدا عێراق رووبەرووی کێشەی گەورە دەکاتەوە و دەبێتە هۆی لە دەستدانی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون.

***ئەگەر لە مێژووی عێراق بڕوانین ئەوا مێژوویەکی خوێناوی هەیە، لەبەر ئەوەی هەمیشە کەمینەیەك جڵەوی حکومڕانێتی بەدەستەوە بووە، تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ کەمینەی سوننەکان حکومڕان بوون، بەڵام دواتر کەمینەیەك لە شیعەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست، ئایا چۆن دەکرێت کۆتایی بەم حاڵەتە بهێنین لە عێراقدا و دیموکراسی لە عێراقدا بچسپێنین؟**

- راستە ئەمە کێشەیەکی جیددی و مەترسیدارە، بەڵام هیچ رێگاچارەیەکی خێرا و ئاسان و سیحری نییە بۆ ئەم حاڵەتە، ئەمە پرۆسەی کاملبونی دیموکراسییە و رەنگە پەنجا ساڵ بخایەنێت بە تایبەتی لەو وڵاتانەی خاوەنی کۆمەڵگەیەکی فرە ئایین و فرە نەتەوەن، لەبەر ئەوەی ئەو کەمینەیەی ئێستا لە دەسەڵاتدایە و پێشتر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پەروایزکرابوو، رەنگە مەیلی کەڵك وەرگرتنی خراپی هەبێت لەو دەسەڵاتەی کە لە ژێر دەستیدایە. بەڵام دەبێت ئەم دەسەڵاتدارانە ئەو راستیەیان لەبەرچاوبێت کە وەرگرتنی سوودی خراپ لە دەسەڵات و پیادەکردنی حوکمێکی شمولی یەکگرتوویی و یەکپارچەیی عێراق دەخاتە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەی خەڵکی بە نیعمەتی ئازادی گەیشتوون و جارێکی دیکە سەرکوتکاری دەسەڵات قبوڵ ناکەن.

***بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان بە دوای چارەسەرێکی گونجاودا ناگەڕێن چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن راست و دروستە و ئەوەش جێی داخە کە دووبارە بەرژەوەندی کوردەکان پشتگوێ خراوە، لە راستیدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خاوەنی مێژوویەکی تراژیدیە لە مامەڵەکردنی لە گەڵ کوردەکاندا و من نیگەرانم لەوەی ئێمە لە سەروبەندی ئەوە داین هەمان هەڵەی پێشوو دووبارە بکەینەوە لە ئاست کوردەکاندا. لەبەر ئەوە من پێموایە دەبێت کێشەی کورد بە زیندوویی بهێڵرێتەوە و دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رۆڵی گەورەتر ببینێت لە پاراستنی مافی کوردەکاندا، هەروەها دەبێت کوردەکانیش درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بدەن و نائۆمێد نەبن.

من پێموایە ئیدارەی داهاتووی ئەمەریکا، کە بە پێی راپرسییەکان پێشبینی دەکرێت سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا بارام ئۆباما بێت، سیاسەتێکی زۆر جیاوازتر لە ئاست عێراقدا دەگرێتەبەر.

**ڕۆبەرت جینسن ڕۆژنامەنوس و شرۆڤەگەری سیاسیی بۆ گوڵان:**

# هەر لەسەرەتاوە ئامانجی ئەمریکا بونیادی عێراقێکی ئازاد و دیموکراتی نەبووە

■■■

**ڕۆبـەرت دەبلیو جینسـن، ئوستادی ڕۆژنامەگەرییە لە زانکۆی تەکساس و پسپۆرو تایبەتمەندە لە ئاکاری میدیا و سیاسەت و لە بواری کاری ڕۆژنامەگەریشدا بەڕێوەبەری نووسینی میدل ئیست فۆرم بووە و لە چەندین بڵاوکراوەی دیکەشدا کاریکردووە، جینسن زۆر ڕووداوی گرنگـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتی ڕوماڵکـردووە و چاودێـری باردۆخەکە بووە، سـەبارەت بـە بارودۆخـی ئێسـتای عێراق و ئەگەرەکانی ئایندە لـە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا بەمجـورە ڕای خـۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

■■■



■■■

***ئایـا ئەمریکا ئەرکەکانی لـە عێراق تەواو بووە، ئەگـەر تەواو بووە بۆ ناکشێتەوە، ئەگەر ئەرکیشی ماوە بۆ بێدەنگە و هیچی دیار نییە؟**

- لـە داگیرکردنی عێراقدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تەنیا بایەخی بە قووڵکردنەوە و فراوانکردنی هەوڵەکانی باڵادەسـتبوونیدا بەسەر ناوچەکەدا، واتـە ئامانجی ئەمەریکا بریتـی نەبوو لە هێنانـەدی عێراقێکی ئازاد و دیموکـرات، بەڵکو ئامانجـی کۆنترۆڵکردنی سـەرچاوەکانی نەوت بوو لە عێـراق کە گرنگییەکی سـتراتیجی هەیە بۆ ئەمەریـکا، ئەمە لە هەر لە سـاڵی ١٩٤٥ەوە ئامانجی ئەمەریکا بووە. پڕۆژەکەی ئەمەریکا شکسـتی هێنـاوە و لە بنەڕەتدا داگیرکردنی عێراق کارێکی ناشـەرعی بوو، هەروەها ئەمەریکا هەڵسـەنگاندنێکی هەڵەی هەبوو بۆ تواناکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەرئەنجامەکانی شەڕەکەی عێراق، بەڵام بە داخەوە ئێستا عێراقییەکان باجەکەی دەدەن. واتە هەر لە سـەرەتاوە ئەمەریکا بایەخی بە پەرەپێدانی پرۆسـەیەکی سیاسی تەندروست نەداوە لە عێراقدا، بەڵکو لە هەوڵی فراوانکردنی کۆنترۆڵی خۆیـدا بووە، ئەمەریکا خوازیاری ئەوە نەبـووە عێراقێکی دیموکرات بنیات بنێت، بەڵکو ئەمە بۆ پەردەپۆشـکردنی ئامانجە ڕاستەقینەکەبوو کە بریتی بوو لە باڵادەسـت بوون بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئێستا کە ئەم هەوڵە شکسـتی هێناوە ئەوا من لە پێگەیەکدا نیم بتوانم پێشبینی دەرئەنجامەکانی بکەم، بەڵام من وەك هاوڵاتییەکی ئەمەریکا دژی بەرپاکردنی شـەڕەکە بووم و پێموایە ئەمەریکا سیاسەتێکی گەندەڵی گرتۆتەبەر.

*** کەواتە بەرای تۆ ئایندەی عێراق ڕوون نابێت؟**

- ئەمانە کێشـەگەلێکی ئاڵۆزن نەك هەر لە عێراقـدا، بەڵکو لە زۆرێك لە وڵاتانی ناوچەکەدا، بۆ نموونە کێشەی کورد لەم ڕووەوە پەیوەستە بە حاڵـەتەوە، ئایا دەبێت دەوڵەتێکی کوردی سـەربەخۆ دروسـت بکرێت یان نا، هەرچەندە لـە ڕووی واقیعیەوە ئەم ئەگەرە لە ئارادا نییە لەبەر ئەوەی تورکیا بەوپەڕی سەرسـەختییەوە بەرهەڵستی دەکات. من پێموایە دەبێت عێراقییەکان بە هۆی ئامرازگەلێکی دیموکراتییەوە هەڵبسـتن بە یەکلاکردنەوی ناکۆکییەکانیان، بـەڵام ئەمە کارێکی مەحاڵـە تاوەکو هێزەکانی ئەمەریـکا لە عێراقدا بن، من پێموایە باشـترین شت ئەوەیە هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە لە عێراقدا و قەرەبووی ئەو داگیرکارییە ناشـەرعییە بکەنەوە و ئەرکی پاراستنی ئاشتی بگوازنەوە بۆ هێزێکی نێودەوڵەتی شەرعی، بەڵام ئایا عێراقییەکان دەتوانن بێ توندوتیژی جیاوازییەکانیان چارەسـەر بکەن، ئەوا من ناتوانم پێشبینی ئەمە بکەم، هەروەها من نازانم دەبێت ئەمەریکا چی بکات بۆ ڕاسـتکردنەوەی ئەو تاوانانەی دژی عێراقییەکان کردوویەتی.

*** زۆرێـك لە شـارەزایانی ڕۆژئـاوا لەو ئێـش و ئازارانـە تێناگەن کە عێراقییەکان بە دەسـت حکومەتێکی مەرکەزی بەهێزەوە چەشـتوویانە، بۆ نموونە لای عێراقییەکان حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بە مانای گەڕانەوەی دیکتاتۆریەت دێت تێڕوانینی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من تەواو هاوڕام لە گەڵ ئێوەدا کە شـارەزا ڕۆژئاواییەکان تێگەیشتنێکی ڕاست و دروسـتیان نییە لە ئاسـت بارودۆخی وڵاتەکەی ئێوەدا و هەروەها گومـان و بـێ متمانەی ئێوە لە ئاسـت شـارەزا ڕۆژئاواییەکاندا لە جێی خۆیەتی. پرسـیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین هەلومەرجێك بخوڵقێنین کە تێیدا عێراقییەکان بتوانن ئەم کێشـانە چارەسەر بکەن، ئەوەی من بەدی دەکەم سێ ڕیگاچـارە هەیە، یەکەمیان پێکهێنانی حکومەتێکـی مەرکەزی بەهێزە کە ئەمەریکا پشـتگیری لەم ڕێگاچارەیـە دەکات بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکات، هەرچەندە ئەمەریکا ئەم توانایەی لە دەستداوە و ئێستا دەستڕۆیشتوویی ئێران لە هەڵکشـاندایە لە عێراق، ڕێگاچارەی دووەم بریتییە لە پێکهێنانی سـێ هەرێمی فیدراڵی کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی بن، ڕێگاچارەی سـێیەم بریتییە لە دابەشـبوونی وڵاتەکە بۆ سـێ دەوڵەتی جیاواز، بەڵام چۆن بتوانین خەون و ئومێدەکانمان بکەینە واقیع ئەوا من توانای ئەوەم نییە وەڵامی ئەم پرسـیارە بدەمەوە.

***کام ڕێگە دەبێتە هۆکاری سەقامگیری و ڕێگرتن لە توندوتیژی؟**

- ئـەو کاتـە خەڵك پەنا بـۆ توندوتیژی دەبەن ئەگەر پێیان وابوو پرۆسـە سیاسـییەکە کراوە نییە دەرفەتی ئەوەیان پێنادات نوێنەرایەتیان هەبێت. من پێموایە ڕۆڵـی ئەمەریکا ئەوەیە کە دان بە تاوانەکانیـدا بنێت و قەرەبووی عێراقییەکان بکاتەوە و هەلو مەرجێك بخوڵقێنێت کە تێیدا پرۆسە سیاسییەکە سـەرکەوتوو بێت، جگە لەمە ئەمەریکا ڕۆڵێکـی دیکەی نییە لە عێراقدا، بـەڵام من لەو باوەڕەدانیم ئەمەریکا بەم شـێوەیە ڕەفتار بکات لەبەر ئەوەی تێکڕای ئیدارەکانی ئەمەریکا بایەخ بە باڵادەسـتی دەدەن بەسەر ناوچەکەدا نەك بەدی هێنانی دیموکراسـی ئەوەش ئەرکی هاووڵاتییانی ئەمەریکایە کە حکومەتەکەیان ناچار بکەن بۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی ئەخلاقی ڕەفتار بکات بە چەشـنێك بگونجێت لە گەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا کە تا ئێستاش ئێمە لەم هەوڵەماندا سەرکەوتوو نەبووینە.

کارگەی P.V.C شینکۆ،بە نوێترین سیستەمی سەردەم



# پاكتاوی ڕەگەزی دژی كریستیانەكانی موسڵ پیادە دەكرێت

ژیانی كورد و كریستیان كەلتورێكی لێبوردەیی و پێكەوە ژیانی دروستكردووە و ئەم كەلتورەش بە ئاسانی لە شوێنێكی دیكە دروست نابێت

كریستیان لە عێراقدا تەنها لە موسڵ نین، بەڵكو بەشێكی زۆریان لە هەرێمی كوردستانن و، بەشێكی دیكەشیان لەبەغدا و شارەكانی دیكەی عێراقیش هەن، ئەوانەی بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ كورد ژیاون، وەك هاووڵاتییەكی كوردستانی بەشداری خۆشی و ناخۆشییەكانی كوردستان و زۆریشیان لە ریزەكانی شۆڕشەكانی كوردستاندا پێشمەرگە بوون و چەندین سەركردەی لێهاتوویان تێیدا دەركەوتووە، كە هەر لەریزی شۆڕشی كوردستاندا ڕۆڵی جوامێرانەی خۆیان گێڕاوە، لەوانە وەك شەهیدان فرانسۆ هەریری و مەلك چەتۆ و خوالێخۆشبوو جرجیس فەتحوڵڵا، شۆڕشی كوردستان بە سەرۆكایەتی بارزانی مستەفا ڕۆژێك لە ڕۆژان جیاوازی لە نێوان كورد و كریستیاندا دروست نەكرد بە پێچەوانەوە گەلێك پۆستی گرنگ و هەستیاری شۆڕش وەك دادگای باڵای شۆڕش و پاشانیش لەگەڵ دامەزراندنی پەرلەمانی كوردستان سەرۆكایەتی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان بە شەهید فرانسۆ هەریری سپێردرا و هەتا ئەو ڕۆژەشی بە ناهەق شەهید كرا هەر سەرۆكی فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو لە ناو پەرلەمانی كوردستاندا .

شەهید فرانسۆ و تێكڕای ئەو برا كریستیانەی ئێستاش لە ریزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن وەك هاوڵاتییەكی كوردستان شانازی بە كریستیانبوونی خۆیان دەكەن و لە ناو پارتی دیموكراتی كوردستانیشدا خەبات بۆ دیموكراسیەت و مافی هاوڵاتیبوونی خۆیان وەك هاوڵاتیەكی كوردستانی دەكەن .

كریستیانەكانی كوردستان مێژوو ئەو ڕاستیەی بۆ سەلماندوون



●●●

**کریستیانەکانی کوردستان بە مافی خۆیانی دەزانن داوا لە سەرۆکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن داکۆکی لە مافەکانیان بکات**

●●●

# و حکومەتی عێراقیش وەک پێویست هەڵوێستی نییە

ئەوەی لە کوردستاندا بژی ئەوجا کورد بێت یان تورکمان یان کریستیان لە دیدی رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراقەوە بە یەك چاو سەیرکراون و کاتێك مزگەوت روخێنراوە دەست لە کەنیسەکانیش نەپارێزراوە، هەروەها گەیشتونە ئەو قەناعەتەی کە مێژووی سەدان ساڵەی پێکەوە ژیانی کورد و کریستیان کەلتورێکی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی دروستکردووە و ئەم کەلتورەش بە ئاسانی لە شوێنێکی دیکە دروست نابێت، هەربۆیە کریستیانەکان نەك هەر لەموسڵ بەڵکو لەبەغداو شارەکانی دیکەش کە رووبەڕووی توندووتیژی دەبنەوە روودەکەن کوردستان و کوردستان بە پەناگەی ئارام و لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی برایانەی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان دادەنێن .

کریستیانەکانی کوردستان بە مافی خۆیانی دەزانن داوا لە سەرۆکی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن داکۆکی لە مافەکانیان بکات و باوەش بۆ لێقەوماوەکانیان بکاتەوە، بێگومان دامەزراوەکانی کوردستان پێش ئەوەی کریستیانەکان ئەو داوایەش بکەن ئەو مافی پاراستنی هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و ئەوانەشی پەنادێنن بۆ کوردستان بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت، زیاد لەمەش داکۆکیکردن لەمافی سیاسیی و کەلتورییەکانی تێکڕای پێکهاتەکانی کوردستان بە تورکمان و یەزیدی و کریستیانیشەوە بە ئەرکی خۆی زانیوە و نەیهێشتووە لەگەڵ ئەوەی بە ژمارە کەمیشن، بەڵام لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا بەشی ئەوان جیاکراوەتەوە و چەندین نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە .

●●●
**کریستیانەکانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان خوازیاری ئەوەن رۆژێک زووتر ئەو ناوچانە بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و رۆژێک زووتر بەو مافانە شادبن کە براکانیان لە هەرێمی کوردستان دەستیان کەوتووە**
●●●




## کریستیانەکانی کەرکوک و داواکەیان لە بارزانی

کریستیانەکانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان خوازیاری ئەوەن رۆژێك زووتر ئەو ناوچانە بگەڕێنرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و رۆژێك زووتر بەو مافانە شادبن کە براکانیان لە هەرێمی کوردستان دەستیان کەوتووە .

لە میانەی سەردانەکەی بەرێز سەرۆکی کوردستان بۆ کەرکووك و کۆبونەوەی لەگەڵ سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو شارە، کریستیانەکانی کەرکووك گلەییان لە سەرۆکی کوردستان کرد بەوەی باردۆخی کریستیانەکانی کەرکوك بەبەراورد لەگەڵ کریستیانەکانی ئێستای ناو حکومەتی کوردستان خراپە بۆیە داوایان کرد ئەوەی بۆ کریستیانەکانی سنوری ئیدارەی ئێستای هەرێمی کوردستان کراوە کریستیانەکانی ئەو ناوچانەش بگرێتەوە کە دوای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەگەڕێنەوە سەرهەرێمی کوردستان .

بێگومان لەگەڵ ئەوەی ئەو داوایە بۆ ئێستای حکومەتی کوردستان ناتوانرێت جێبەجێبکرێت و کەرکووك هەتا دوای جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ لە دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت و ناتوانرێت ئەو یاساو بریارانەی بۆ کریستیانەکانی کوردستان پیادەدەکرێت لە کەرکوویشدا بە هەمان شێوە پیادەبکرێن، بەڵام پیشاندانی رووی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی برایانەی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان هۆکارێکە



بۆ سەقامگیری دەڤەرەکەو هەتا ئەم کەلتوریی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانەش لە ناو بەشەکانی دیکەی عێراقدا رەگ دانەکوتێت زۆر زەحمەتە بتوانرێت فرەیی و هەمەرەنگی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بپارێزرێت هەرئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی سەرلەنوێ ئەو توندوتیژیە دژی کریستیانەکانی موسڵ سەرهەڵبداتەوە .

## بۆچی لە موسڵ کریستیانەکان رووبەرووی پاکتاوکردن دەبنەوە؟

کریستیانی موسڵ یەکە پێکهاتەی جیاواز لە عەرەبی ئەو شارەنیین کە رووبەروی پاکتاوی رەگەزی و کوشتن و دەرکردن دەبنەوە، پێش کریستیانەکان ئەم رەفتارانە دژی کورد و کوردی یەزیدی و کوردی شەبك و تورکمانەکانی تەلعفەر بۆتەوە، لەوانەیە بۆ هەریەکێك لە پێکهاتانە تەفسیری خۆی هەبێت و بۆ کریستیانەکانیش تەفسیرێکی دیکەی هەبێت، هەربۆنموونە شەبەك ویەزیدی کوردن و هەمووکات دەخوازن ناوچەکانیان ببێتە بەشێك لەهەرێمی کوردستان، تورکمانیش کە خۆیان بەسێەم نەتەوەی عێراق و دووەم نەتەوەی کوردستان دەزانن، هەموو کات لە دیدی عەرەبی شۆڤێنیەوە بەو چاوە سەیردەکرێن کە ئەوانە خاوەنی خاك نیین و لەسەر خاکی عەرەب میوانن، هەروەك چۆن پێشتر بەرامبەر بەکوردیش ئەم شۆڤێنەتەیان نەدەشاردەوە، بەڵام کریستیان لە هیچ روویەکەوە مەترسی نەبوون بۆسەر ناسنامەی موسڵ، هەر بۆیە پیادەکردنی توندووتیژی بەو ئاستە کە تائێستا بەپێی ئەو ئامارانەی ئاژانسە جیهانییە باوەڕپێکراوەکان بڵاوی دەکەنەوە زیاتر لە ١٤٠٠ خێزانی کریستیان لەو شارە هەڵاتوون و خۆیان گەیاندۆتە هەرێمی کوردستان و بە دەیانیشیان لێ تیرۆرکراوە، ئەمە مانای ئەوەیە بیری شۆڤێنی عەرەبی کە ئێستا لە ناو قاعیدە و هەندێك لایەنی دیکەی عەرەبی موسڵدا هەیە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی حساب بۆ هیچ بەهایەکی مرۆیی و

کارگەی P.V.C شینکۆ،بە نوێترین سیستەمی سەردەم



ئاسمانی نەکەن، ئەوان پێشتر نەیانتوانی پیادەکردنی تیرۆر دژی کورد لەموسڵ و کوشتنی کورد لەسەر ناسنامە بکەن بەشەڕی نێوان کورد و عەرەب، هەربۆیە ئێستا دیانەوێت شەڕەکە بکەنە شەڕی نێوان ئیسلام و غەیرە ئیسلام، بەڕێز مەترانی هەولێر و ئامێدی کە تایبەت بەم راپۆرتە قسەی کردووە، ئاماژەی بەوەکرد ئێستا لە هەندێك شوێنی عێراق لە ناسنامەی کریستیانەکان نانوسن کریستیان بەڵکو دەنوسن غەیرە ئیسلام، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەندێك لە عێراقدا شۆڤێنیان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ناوی کریستیان نەبەن و بە غەیرە ئیسلام و کافر لە قەڵەمیان بدەن، لە کاتێکدا پەیوەندی نێوان کریستیان و ئیسلام لە زەمانی پێغەمبەریشدا(د.خ) پەیوەندیەکی ئیجابی بووە، کەواتە ئەم بیرە شۆڤێنیەیە ئێستا لەموسڵ پیادەدەکرێت هەوڵێکە دژ بەهەموو پێکهاتە جیاوازە غەیرە عەرەبەکان و بۆ ئەوەیە ناسنامەی رەسەنی ئەو شارە بشێوێنرێت .

## ئوسامە نجێفی کورد تاوانبار دەکات کریستیانەکانیش هانا بۆ کورد دێنن

دوای ئەو کارەدرندانانەی دژی کریستیانەکانی موسڵ لەلایەن هەندێك عەرەبی شۆڤێنیەوە دژی کریستیانەکانی موسڵ پیادەکران، ئوسامە نجێفی شۆڤێنی و کۆنە بەعسی بە ناو پەرلەمانتاری عێراق کورد بەم قەتلوعام و جینۆسایدە تۆمەتبار دەکات و لە ناو پەرلەمانی عێراقیشدا لەلایەن هاوپەیمانی کوردستان داواکراوە ئەو جۆرە بوختان و قسەکردنانە لە نجێفی قبوڵ نەکرێت و هەروەها داواکراوە لیژنەی لێکۆڵینەوە لەسەر نجێفی دابنرێت و لە پەرلەمان دەربکرێت .

ئێمە نازانیین ئاخۆ پەرلەمانی عێراق بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێت یان نە، بەڵام تەنها یەك پرسیار رووبەڕوی نجێفی شۆڤێنی دەکەینەوە، بۆچی کریستیانەکانی موسڵ لە ترسی ئێوە هانا بۆ هەرێمی کوردستان دێنن؟



## هەڵوێستی حکومەتی عێراق وەک پێویست نییە

لەم مەسەلەیەشدا وەك چەندین مەسەلەی دیکەی تایبەت بە کورد و کەمینەکانی دیکە حکومەتی عێراق هەڵوێستی جیدی و بەرپرسانەی نەبووە، تەنانەت لە ئاشکراکردنی ئەو دستانەشی لە پشت ئەم کارانەوەن راشکاوانە نەبووە تا رادەیەکی زۆر چا و راوی لە خەڵك و رای گشتی کردووە، هەربۆیە خەمساردی و جدی نەبوونی حکومەتی عێراق وەك پێویست لە مەسەلەی کێشەی ئایین ونەتەوە جیاوازەکانی عەرەب وەك زەنگێکی ترسناك بۆ ئاییندەی سیاسیی لە عێراقدا دەخوێنرێتەوە .

حکومەتی عێراق ئەمجارەش لە سەرەتادا هەوڵیدا بەشێوەیەك لە شێوەکان مەسەلەی پاکتاوی رەگەزی کریستیانەکانی موسڵ بۆ مەرامی سیاسیی خۆی بەکار بهێنێت، بەڵام کەبینی ئەوانەی رووبەڕووی هەڕەشە دەبنەوە ماڵەکانی خۆیان بە جێدەهێڵن و رووددەکەنە هەرێمی کوردستان بۆی دەرکەوت کە ئەو مەسەلەیە کارێکی هێندە ئاسایی نییە هەروا بەئاسانی مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت، بۆیە ئێستا یان دەبێت حکومەتی عێراق واز لە پرۆسە سیاسییەکە بێنێت و کۆنترۆڵی خۆی بداتە دەست عەرەبە شۆڤێنیەکانی هاوشێوەی ئوسامە نجێفی و ئوسامە بن لادن یان دەبێت سەرلەبەر چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە .

●●●

**حکومەتی عێراق ئەمجارەش لە سەرەتادا هەوڵیدا بەشێوەیەک لە شێوەکان مەسەلەی پاکتاوی رەگەزی کریستیانەکانی موسڵ بۆ مەرامی سیاسیی خۆی بەکار بهێنێت**

●●●

کارگەی P.V.C شینکۆ،بە نوێترین سیستەمی سەردەم

مەتران ڕەبان ئەلقس مەترانی هەولێرو ئامێدی و دەوربەریەتی یەکێکە لە گەورە پیاوانی کریستیانی کوردستان و لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە وەك پیاوێکی گەورەی ئاینی کریستیان لەقەڵەمدەدرێت و چەندین جار سەردانی فاتیکانی کردووە و لە نزیکەوە پاپای فاتیکانی بەرەوشی کوردستان ئاشنا کردووە،

مەتران ڕەبان سەبارەت بەو دەستدرێژییەی کرایە سەر کریستیانەکانی موسڵ زۆر راشکاوانە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و ئەمەش دەقی ئاخافتنەکانی بەرێز مەتران ڕەبانە بۆ گوڵان.

**مەتران ڕەبان ئەلقس**
**مەترانی هەولێرو ئامێدی بۆ گوڵان:**

# ئێمە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی موسڵ بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە حکومەتی عێراقی لاوازە و گیانی حزبایەتی زاڵە بەسەریدا



*** هۆکاری سەرەکی هێشتنەوەی عێراق بە یەکگرتووی بریتیە لە پێکەوژەیان و لێبوردەی، بەڵام لەم دواییانەدا چەند هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی نەتەوە بچووکەکان دەربکرێن و جینۆساید بکرێن، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی خەریکە دیاردەی پێکەوژەیان و لێبوردەی لە عێراقدا نامێنێت؟**

- ئێمە بە درێژای ژیانمان لە کوردستاندا هیچ گیروگرفتێکمان نەبووە لەم ڕووەوە. بە تێڕوانینی من نابێت هیچ گروپێك جیاکاری لە دژی گروپێکی دیکە پیادە نەکات و ئیرادەی خۆی بەسەردا بسەپێنێت ئەگەرچی لە ڕووی نەتەوەی و ئاینییەوە لە یەك جیاوازبن، دەبێت هەموومان سەرەڕای جیاوازیەکانمان لە چوارچێوەی یاسادا ماف و ئەرکەکانی خۆمان پیادە بکەین. لەم ڕووەوە دەتوانین بەراوری هەلومەرجی کوردستان و بەشەکانی دیکەی عێراق بکەین. ئێمە ئەم ڕووداوانەی ئەم دواییەی موسڵ بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە حکومەتی عێراقی لاوازە و گیانی حزبایەتی زاڵە بەسەریدا و کاریگەری هەندێ لە دەوڵەتە دەرەکییەکانی لەسەرە، هەر بۆیە ناتوانێت یاسا و نیزام بسەپێنێت و لە دەرئەنجامدا نەك هەر مەسیحییەکان بەڵکو زیاتر لە هەزار و دو سەد هاووڵاتی کورد لە موسڵدا شەهید بوونە، ئەمانە هەمووی لە ئەنجامی فکرەی سەلەفیەت و تەکفیرییەوە ڕوویانداوە کە خاوەنی تێڕوانین و بیرکردنەوەیەکی بەرتەسکن و نایانەوێت پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە ئاسودەیی بژین. ئەگەر ئێمە بەراوردی هەل ومەرجی کوردستان بکەین، ئەوا دەبینین لە دوای ڕاپەڕینەوە بارودۆخێکی ئاشتی بۆ ئێمە هاتۆتەدی، ئێمە ناڵێین بێ کەموکوڕیە و سەددەرسەد هەموو شتێکی تەواوە، بەڵام هەر لایەك کار و ئەرکی خۆی دەزانێت و حکومەت و پەرلەمانی خۆمان هەیە و ئاسایش هەیە و دەتوانێن لە نیوەشەودا لە چوارچێوەی کوردستاندا سەفەر بکەیت، بەڵام ناتوانیت بە بێ ترس و تەنانەت بە ڕۆژیش سەفەر بۆ موسڵ یان بەغدا بکەیت. ئەم توندووتیژیە تەنها مەسیحییەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئەم هەڕەشە و کوشتن و ڕاگواستن و دەربەدەرکردنە کوردەکان و تەنانەت شیعە و سوننەکانیشنی گرتۆتەوە، ئێمە دەبێت بە تێڕوانینێکی ئینسانی لە یەکتر بڕوانین، ئێمە هەموو برای یەکین و هیچ هۆکار و پاساوێك نییە بۆ ئەوەی پەنا بۆ ئازاردان و کوشتن و کۆچپێکردنی یەکتری ببەین، ئێمە دەتوانین بە لیبوٚردەی و بە خۆشەویستی کێشەکانمان چارەسەربکەین و ژیانێکی ئاسودە بۆ خۆمان پێك بهێنین، جیاوازیمان سەرچاوەی هێز و دەوڵەمەندیمانە و نابێت ببێتە سەرچاوەی کێشە و ناکۆکی و دوژمنایەتی، بۆچی لەبەر ئەوەی تۆ موسڵمان بیت مافت لە مەسیحییەك زیاتر بێت؟ یاخود بۆچی لەبەر ئەوەی تۆ لە نەتەوەیەکی جیاوازتر بیت دەبێت پەراوێز بکرێت؟ بۆچی جیاکاری لە دژی گروپی ئاینی و نەتەوەی جیاواز بکەین؟ بۆ نموونە بۆچی لە ناسنامەی مەدەنی کەسێکی مەسیحی دەنوسرێت ناموسڵمان، بۆچی نانوسن ئایینەکەی مەسیحییە؟ من دوبارەی دەکەمەوە کە ئێمە لە کوردستاندا لە دوای ڕاپەڕینەوە توانیومانە ژیانێکی ئاشتی و پڕ لە ئاوەدانی بنیات بنێین، توانیومانە گوندەکانمان لە نزیك بەرواری و زاخۆ ئاوەدان بکەینەوە و عەنکاوە ئاوەدان بکەینەوە و تا ئێستا هیچ کوردێك هەڵنەستاوە بە کوشتنی مەسیحییەك، ڕاستە کێشە و گیر

کارگەی P.V.C شینکۆ،بە نوێترین سیستەمی سەردەم

وگرفت هەیە بەڵام بە تێگەیشتن و لیبوردەی و خۆشەویستن چارەسەر دەکرێن و یەکلادەکرێنەوە. ئەمە بەرگری کردن نییە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە واقیعەکەیە و حەقیقەتی بارودۆخەکەیە. ئێمە دەتوانین ئەم جیاوازیانە بەکار بهێنین بۆ بەهێزکردن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە و وڵاتەکەمان، هەموو وڵاتان توانیویانە لێبوردەی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بچەسپێنن و گەشەکردن و پێشکەوتن بەدەست بهێنن، بەڵام ئێمە هێشتا گرفتاری رق و دژومنایەتی و یەکترکوشتنین. ئێمە خوازیاری ئەوەین کە ئەو یەکترقبوڵکردن و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی لە کوردستاندا هەیە لە بەشەکانی دیکەی عێراقیشدا بڵاوببێتەوە و باڵادەست بێت.

*** کە لە مەسیحیەکانی عێراق دەڕوانین هەست دەکەین رەمزی پێکەوەژیانی ئاشتیانەن، بەڵام ئێستا رووبەڕوی کۆچکردن و دەرکردنی بە لێشاو دەبنەوە و کەنیسەکانیان روبەڕوی تەقاندنەوە دەبنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی حکومەتی ئێستای عێراق لە ئاست ئەم حاڵەتە بێدەنگە؟**

- من بە ئاشکرا لە چاوپێکەوتنێکدا رەخنەم لە هەڵوێستی حکومەتی عێراق و سەرۆك وەزیرانی عێراقی گرتووە کە هیچ رێوشوێنێکیان نەگرتەبەر لە ئاست کوشتن و کۆچپێکردنی مەسیحییەکانی موسڵدا، ئەمە پلانێکە بۆ تەسفیەکردن و دەرپەڕاندنی مەسیحییەکانی بەغدا و موسڵ کە پێشتر ئەم پلانە دژی کوردەکان لە شاری موسڵ بەکارهێنراوە، بڕوانن ئایا هیچ کوردێك لە موسڵدا ماوە، جگە لەو کوردانەی کە دژی کوردستانن، عێراق وڵاتی هەموومانە نابێت کەس بە منەت لەسەر کەس بکات. ئێستا ئێمە لە کوردستانداین و هەمومان پێکەوە وەك برا دەژین.

*** تا ئێستا چەند کەسایەتی ئاینی مەسیحی لە موسڵ کوژراون؟**

- لە دەڤەری موسڵ مەترانێك و سێ قەشە شەهیدبوونە. کە بریتین لە مەتران فەرەج رەحۆ، قەشە رەغید شەهید بووە، قەشە گالب ئەسکەندەریش شەهیدکراوە و تا ئێستاش نزیکەی دو سەد مەسیحی دیکە شەهیدکراون لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تاوەکو ئێستا نزیکەی ١٦٠٠ خێزانی مەسیحی دەربەدەرکراون.

*** هەندێ لە چاودێران باس لەوە دەکەن کە عەرەبە سوننەکان هەڵدەستن بە کۆچپێکردنی مەسیحیەکان بۆ ئەوەی عروبەی شارەکە بسەلمێنن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت ئومێدمان بە لایەنێك بێت کە دەیەوێت لەسەر حسابی پاکسازی رەگەزی خۆی فراوان بکات؟**

- ئەگەر ئەم حاڵەتە لە عێراقدا درێژەبکێشێت ئەوا هەرگیز ئەم وڵاتە ئاشتی و ئاسودەی بە خۆوە نابینێت، ئەمە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی و سەدە کۆنەکان نییە، ئەمە سەدەی بیست و یەکە و هەر کەسێك ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە چ ئاینێك پیادە دەکات و نابێت بە زۆرەملێ هیچ ئاینێك بەسەر ئینسانەکاندا بسەپێنرێت و ئێمە خوازیاری ئەوەین کە ئەو کەلێنانەی لە دەستووری عێراقدا هەن چارەسەربکرێن کە هاووڵاتیانی مەسیحی دەکەنە هاووڵاتی پلە دوو و پلە سێ بۆ ئەوەی وڵاتەکەمان بەرەوپێش بچێت و دوانەکەوێت، دەبێت هەمووومان لە چوارچێوەی یاسادا هەڵسوکەوت بکەین و نابێت هیچ هێزێك مافی لایەنێکی دیکە پێشێل بکات.

*** پەرلەمانی کوردستان کۆبونەوەی کرد و ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆریستیانەی کرد لە دژی مەسیحییەکان، راوبۆچوونی ئێوە چی بوو لەسەر بڕیارەکانی ئەم کۆبونەوەیە؟**

- ئێمە ئەوە دەزانین کە تێکڕای کوردەکان بە موسڵمانە و لایەنەکانی دیکەوە ئیدانەی ئەم کارە تیرۆریستیانەیان کرد لە دژی مەسیحییەکان و کوردەکان پێوستیان بە دیفاع لێکردنی من نییە، بەڵام لە کوردستان هیچ لایەنێك دەستدرێژی ناکات سەر لایەنەکانی دیکە و هەموو کورد و عەرەب و مەسیحییەکان وەك برا پێکەوە دەژین و ئەمن ئاسایش هەیە و ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ کوردەکان تۆمەتی ناڕاست و بێ بناغەن. ئێمە پێمانوایە ئەم هەڵوێستێکی شارستانی بوو کە پەرلەمانی کوردستان گرتیەبەر کاتێك رایگەیاند ئەمە جیبۆساید و پاکسازی رەگەزیە و قابیلی قبوڵکردن نییە. من دووبارەی دەکەمەوە تاوەکو پەنا بۆ توندووتیژی ببەین ئەوا پێشکەوتن بەدەست ناهێنین و پاش دەکەوین.

*** ئایا هەڵوێستی ڤاتیکان چی بووە لەم رووەوە؟**

- هەموو زانیاریەك بە ڤاتیکان و پاپا گەیشتووە و ئەوان ئیدانەی ئەم کارە دەکەن و داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکانی حکوومەتی عێراق و مالیکی و وڵاتانی دیکە دەکەن بۆ ئەوەی پاکسازی رەگەزی لە دژی مەسیحییەکان رابگیرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت ئەوا شەریعەتی دارستان لە عێراقدا زاڵ دەبێت و چ لایەنێك هێز و دەسەڵاتی زیاتر بوو دەتوانێت لایەنەکانی دیکە سەرکوت بکات و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ دواکەوتن و گەڕانەوەی سەردەمەکانی سەدەکانی ناوەڕاست.

***. هەڵوێستی ئێوە چییە لە ئاست دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ مەسیحییەکان؟**

- من بە تەواوەتی دژی ئەم بیرۆکەیەم لەبەر ئەوەی ناکرێت مەسیحییەکان دابڕێت و جیایان بکەیتەوە و مەعەسکەرێکیان بۆ دروست بکەیت و سیاج و پاسەوانیان بۆ دابنێت من وەك مەترانێك تەواو دژی ئەم پێشنیارەم، ئێمە لە دەڤەری ئامێدی لە گەڵ موسڵمانەکاندا دەژین و هیچ جیاوازیەك نییە و ئەگەر ئاشتی و ئاسایش لە عێراقدا بچەسپێت ئەوا من ئازادم لە هەر شوێنێکی وڵاتدا نیشتەجێبم.

*** دوا پەیامت چییە بۆ گۆڤارەکەمان؟**

- من ئومێدەوارم ئەم تاوان و کردەوانە کۆتاییان پێ بێت و لێپرسینەوە لە گەڵ تاوانکارەکان بکرێت و ئێمە نەبینە قوربانی هەڵەی هەندێ لە دەسەڵاتدار و بەرپرسەکانی حکوومەتی مەرکەزی، دەبێت ئێمە هەوڵبدەین پەرە بە گیانی برایەتی و خۆشەویستی بدەین و ئەو حاڵەتەی لە کوردستاندا هەیە لە بەشەکانی دیکەی عێراقیشدا باڵادەست بێت و نابێت لەبەر ئەوەی ئێمە مەسیحین پەراوێز بکرێین و مافەکانمان پێشێل بکرێت.

●●●

**زیاتر لە هەزار و دو سەد هاووڵاتی کورد لە موسڵدا شەهید بوونە، ئەمانە هەمووی لە ئەنجامی فکرەی سەلەفیەت و تەکفیریەوە روویانداوە کە خاوەنی تێڕوانین و بیرکردنەوەیەکی بەرتەسکن و نایانەوێت پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە ئاسودەی بژین**

●●●

●●●

**ئێمە لە کوردستاندا لە دوای راپەڕینەوە توانیومانە ژیانێکی ئاشتی و پڕ لە ئاوەدانی بنیات بنێین، توانیومانە گوندەکانمان لە نزیک بەرواری و زاخۆ ئاوەدان بکەینەوە و عەنکاوە ئاوەدان بکەینەوە و تا ئێستا هیچ کوردێک هەڵنەستاوە بە کوشتنی مەسیحییەک، راستە کێشە و گیر وگرفت هەیە بەڵام بە تێگەیشتن و لیبوردەی و خۆشەویستن چارەسەر دەکرێن**

●●●

●●●

**ئەگەر ئەم حاڵەتە بەردەوام بێت ئەوا شەریعەتی دارستان لە عێراقدا زاڵ دەبێت**

●●●

●●●

**ئاشکرا لە چاوپێکەوتنێکدا رەخنەم لە هەڵوێستی حکومەتی عێراق و سەرۆک وەزیرانی عێراقی گرتووە کە هیچ رێوشوێنێکیان نەگرتەبەر لە ئاست کوشتن و کۆچپێکردنی مەسیحییەکانی موسڵدا، ئەمە پلانێکە بۆ تەسفیەکردن و دەرپەڕاندنی مەسیحییەکانی بەغدا و موسڵ کە پێشتر ئەم پلانە دژی کوردەکان لە شاری موسڵ بەکارهێنراوە**

●●●

کارگەی P.V.C شینکۆ،بە نوێترین سیستەمی سەردەم

ئەحمەد یوسف موسا
نوینەری موسڵ لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# ئەم شاڵاوەی لە دژی مەسیحی پیادە دەکرێت بۆنی شۆڤێنییەتی لێدێت و هەوڵیکە بۆ دەرکردنی کورد و مەسیحی لە موسڵ

ئەحمەد یوسف موسا نوینەری موسڵە لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانییە، سەبارەت بە رووداوەکانی چەند رۆژی رابردووی موسڵ دژی مەسیحییەکان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

*** چۆن لەو پەلامار و شاڵاوانە تێدەگەیت کە دەکرێتە سەر مەسیحیەکانی موسڵ؟**

ئەم شاڵاوانە بۆنی شۆڤینییەتیان لێدێت و رێکخراوی ئەل قاعیدە هەڵدەستێت بەم کارە، بەڵام بە نەفەسێکی شۆڤینی لەبەر ئەوەی مەبەستیانە ئەو شارە پاك بکەنەوە لە کورد و لە مەسیحیەکان، واتە هەم لە لایەنی نەتەوەی و هەم لە لایەنی ئاینییەوە و هەوڵ ئەدەن لایەنەکانی دیکەی غەیرە عەرەبی سوونە لەو شارەدا نەهێڵن.

*** ئۆسامە نجیفی کورد تۆمەتبار دەکات بەوەی کە دەستیان لە ئاوارەکردنی مەسیحیەکاندا هەیە و هاوپەیمانی کوردستانیش هەوڵی داوە حەسانەی پەرلەمانی لەسەرهەڵبگرێت، ئەتوانن رونکردنەوەی زیاترمان بدەنێ لەسەر ئەم مەسەلەیە؟**

- ئوسامە نجیفی باکگراوندێکی بەعسی و شۆڤێنی هەیە و هۆکاری تۆمەتبارکردنی کوردیش لە لایەن ئوسامەوە بۆ هۆکاری شەخسی دەگەڕێتەوە لەبەر ئەوەی ئەو موڵکێکی زۆری هەیە لە ناوچەی حەمدانییە و بە تێڕوانینی ئەو ئەگەر ئەم ناوچەیە بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەوا ئەم موڵکانە لە دەست دەدات، هەرچەندە ئەمە راست نییە لەبەر ئەوەی هەموو عێراقییەك دەتوانێت موڵکی هەبێت لە کوردستاندا، لەلایەکی دیکەوە براکەی ئوسامە هەوڵی ئەوەیدا ببێتە پارێزگای موسڵ، بەڵام کوردەکان پشتگیریان نەکرد و رەنگە ئەم رقەی لە کوردەکان هەڵگرتبێت. لەبەر ئەوە بە بۆنە و بێ بۆنە کوردەکان تۆمەتبار دەکات و پێشتریش لە تەقینەوەکانی زنجیلدا پەنجەی تاوانی بۆ کورد درێژکرد، بەڵام دواتر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرابوون و ئەو تۆمەتانەیان بە درۆخستەوە. بۆ موحاسەبەکردنی ئەم ئەندام پەرلەمانەش، ئەوا ئەم مەسەلەیە ئاسان نییە لەبەر ئەوەی ئەندام پەرلەمان حەسانەی خۆی هەیە و شێوەی موحاسەبەی خۆی هەیە و دەبێت بەڵگەی یەکلاکەرەوەی لەسەر هەبێت و ئێمە داوامان کردووە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و لیژنەیەکیش بۆ ئەو مەبەستە پێکهاتووە بەڵام ئەمە کاتی دەوێت.

*** هەندێ لە چاودێران باس لەوە دەکەن کە عەرەبە سوننەکان هەڵدەستن بە کۆچپێکردنی مەسیحیەکان بۆ ئەوەی عروبەی شارەکە بسەلمێنن، ئایا ئێوە هەستتان کردووە کە ئەم ستراتیژییەتە پیادە دەکرێت؟**

- ئێمە ناتوانین راستەوخۆ پەنجەی تاوان بۆ عەرەبە سوونەکان درێژبکەین، بەڵام ئەمە لە کاری رێکخراوی ئەل قاعیدە دەچێت و پێشتریش ئەوان هەوڵی پاکتاوکردنی کوردەکانی ئەو شارەیان داوە جارێك لە قاڵبی تائیفیەتدا بە هێرشکردنە سەر کوردی شیعەی شەبەك و جارێك لە قاڵبی ئاینیدا کە کوردە یەزیدییەکانیان دەکردە ئامانج، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەست دەکەین نەفەسێکی شۆڤێنی زاڵە بەسەر ئەم هەوڵانەدا، هەرچەندە ناتوانین بە شێوەیەکی راستەوخۆ عەرەبە سوننەکان تۆمەتبار بکەین.

*** بۆ ناوچەیەکی تێکەڵاوی وەك موسڵ، بەبێ چەسپاندنی گیانی لێبوردەی نەتوانین ئەو فرە نەتەوە و فرە ئاینییە**



کارگەی P.V.C شینکۆ،بە نوێترین سیستەمی سەردەم

**پارێزین، ئایا چۆن دەتوانین ئەم لێبوردەییە بگەڕێنینەوە؟**

- ئەو لێبوردەییەی ئێوە باسی دەکەن پێشتریش لە موسڵدا بوونی نەبووە لەبەر ئەوەی تەنها بەعسی و شۆڤینییەکان زاڵبوونە بەسەر ئەو شارەدا، بۆ نموونە ئەگەر کوردێکی شەبەك بیویستایە خانویەك بکڕێت دەبوو تەزکیەی عەشیرەتێکی عەرەبی بهێنایە و وەك ئەندامێکی ئەو عەشیرەتە خۆی پیشان بدایە بۆ ئەوەی خانووەکەی بۆ تاپۆ بکەن، هەروەها مەسیحیەکان هاوڵاتییەکی پلە دوو بوون لەو شارەدا، واتە جیاکاری دژی تێکرای لایەنە غەیرە عەرەبە سوننەکان پیادە دەکرا. بۆ گەڕاندنەوەی لێبوردەی دەبێت هەوڵی سڕینەوەی ئەو کەلتوور و بیرکردنەوەیە بدەین، لەبەر ئەوەی عێراقی نوێ عێراقی دیموکراتی و ئازادی ئینسان و هاوڵاتی بوونە، راستە رژێمی کۆن روخاوە بەڵام کەلتور و رۆشنبیری ئەو رژێمە هێشتا هەر ماوە کە بریتیە لە رۆشنبیری سەپاندنی ئیرادەی خۆت بەسەر بەرامبەردا و بریتییە لە خۆبەهەق زانین، دەبێت هەنگاوی یەکەم لە کارکردن بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی ئەم کەلتورەوە دەست پێبکەین. هەروەها دەکرێت لە رێی چەسپاندنی هۆشیاری یاساییەوە ئەم کارە بکرێت و هاوڵاتیان ئاگادار بن لەو ماف و ئەرکانەی هەیانە، دەکرێت هەنگاوی سێیەم چەسپاندنی ئەو دەستوورە بێت کە لە عێراقدا هەیە و زەمانەتی ئازادی بیر و رادەربڕینی کردوە، بۆ نموونە ئێستا ئەو کردەوانەی دژی مەسیحیەکان دەکرد ئەمە پێشێلکردن و سەرپێچیکردنە لە دەستوور، لەبەر ئەوە دەبێت حکومەتی عێراقی هەوڵی زیاتر بدات بۆ جێبەجێکردنی دەستوور، کە دەکرێت ئەم هەنگاوانە سەرەتایەك بن بۆ گەڕاندنەوەی گیانی یەکترقبوڵکردن و لێبوردەی.

***. ئایا پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت لەسەر ئاستی سیاسیی چی بۆ ئاوارە مەسیحیەکان بکات و تا ئێستا ئێمە توانیومانە چییان بۆ بکەین؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی ئەو ئاوارە مەسیحیانەی داوە و ئێمە لە سەر ئاستی سیاسش دەتوانین زۆر شت بکەین، بۆ نموونە کاتێك پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە پشتگیری لە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحیەکان دەکات لەو شوێنانەی کە مەسیحیەکان زۆرینە پێك دەهێنن، ئەمە شتێکی زۆر باش و ئیجابیە، لەبەر ئەوەی ئێمە زوڵم و زۆر و فەرامۆشکردنمان بینیوە و هەوڵ ئەدەین ئەوەی بەسەر ئێمەدا هات بەسەر لایەنەکانی دیکەدا دووبارە نەبێتەوە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە هەرێمی کوردستان هەوڵی دەستەبەرکردنی مافی - ئەگەر ئەم گوزارشتە دروست بێت-کەمینەکان بدات.

*** ئایا لە بەرنامەتاندا کە لە پەرلەمانی عێراقیش باس لەم مەسەلەیە بکەن؟**

- بە دڵنیاییەوە باسی لێوەدەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا لە پشوداین من ووردەکارییەکانی ئەو باسکردنە نازانم، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی داوای ئەوە لە حکومەت دەکرێت کە بە شێوەیەکی ماددی یارمەتیان بدات لەبەر ئەوەی لە ماڵ و حاڵەکانی خۆیان دەرکراون و پێویستیان بە هاوکاری دەبێت. لە لایەکی دیکەوە باس لەوە دەکرێت کە هێزێك هەڵبستێت بە پاراستنی مەسیحیەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا، رەنگە بتوانین لە ناوچەکانی وەك بەرتلە و حەمدانییە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی مەسیحین بیپارێزین بەڵام لە ناو شاری موسڵدا کە مەسیحیەکان لە گەڕەکەکاندان ناتوانرێت ماڵ بە ماڵ هەڵبستین بە پاراستنیان.



●●●
ئوسامە نجیفی موڵکێکی زۆری هەیە لە ناوچەی حەمدانییە و بە تێڕوانینی ئەو ئەگەر ئەم ناوچەیە بگەڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەوا ئەم موڵکانە لە دەست دەدات، لەلایەکی دیکەوە براکەی ئوسامە هەوڵی ئەوەیدا ببێتە پارێزگای موسڵ، بەڵام کوردەکان پشتگیریان نەکرد و رەنگە ئەم رقەی لە کوردەکان هەڵگرتبێت. لەبەر ئەوە بە بۆنە و بێ بۆنە کوردەکان تۆمەتبار دەکات
●●●

●●●
ئەو کردەوانەی دژی مەسیحیەکان دەکرد ئەمە پێشێلکردن و سەرپێچیکردنە لە دەستوور، لەبەر ئەوە دەبێت حکومەتی عێراقی هەوڵی زیاتر بدات بۆ جێبەجێکردنی دەستوور
●●●

●●●
پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە پشتگیری لە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحیەکان دەکات لەو شوێنانەی کە مەسیحیەکان زۆرینە پێك دەهێنن
●●●

کارگەی P.V.C شینکۆ، بە نوێترین سیستەمی سەردەم

■■■

**تید گەلێن کارپێنتەر یەکێکە لە گەورە تۆژەرەکانی ئامۆژگای کاتۆ و جێگری سەرۆکی دیراساتی بەرگری و سیاسەتی دەرەوەیە لە ئامۆژگای کاتۆ، تۆژەرانی ئەم ئامۆژگا بە ناوبانگە وەك ریچارد ران و تیمور کۆران و چەندینی دیکە ئێستا نوسینەکانیان لە ماڵپەری ( مصباح الحریه) بە عەرەبی و لە ماڵپەری ( چرای ئازادی ) بە کوردی بڵاو دەکرێتەوە، بەڵام تا ئێستا ماڵپەری چرای ئازادی بە هاوشێوەی ماڵپەری مصباح الحریە دەوڵەمەند نییە، ئەم ئاماژە خێرایە بۆ ئەوەیە خوێنەرانی گوڵان بە بایەخی ئامۆژگای ناوبراو و گرنگی بۆچونی تۆژەرەکانیان لای ئیدارەی ئەمریکی ئاشنا بکەین،**
**کارپێنتەریش وەك ریچارد ران و کوران و چەندین تۆژەری دیکە لە ئامۆژگای کاتۆ بەبەردەوامی هاوکاری گوڵان دەکەن، کە پەیوەندیان پێوەدەکەین بە خۆشحاڵییەوە رای خۆیان بۆ گوڵان دەردەبڕن، بۆ هەڵسەنگاندن و قسەکردن لەسەر ئەو رەشەکوژییەی لە موسڵ دژی کریستیانەکان پیادە دەکرێت پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر تید گەلێن کارپەنتەر کرد و بەرێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

■■■

**تید گەلێن کارپێنتەر**
**گەورە تۆژەری ئامۆژگای بەناوبانگی کاتۆ بۆ گوڵان:**

# هەرێمی کوردستان خاوەنی تۆمارێکی باشە لە چەسپاندنی لێبوردەیی و رێزگرتن لە جیاوازی ئایینی، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە مەسیحیەکانی عێراق رووودەکەنە ئەم هەرێمە



*** لێبوردن و پێکەوەژیان دوو هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی وڵاتێکی فرە نەتەوە بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام لە حاڵەتی بوونی نەتەوەیەکی گەورەدا کە هەوڵی سەرکوتکردنی نەتەوەیەکی بچوکتر دەدات ئایا چۆن دەتوانین کۆتای بەم حاڵەتە بهێنین؟**

- ئەوە پرسیارێکی ئاڵۆزە، لە راستیدا دەبێت نەتەوە گەورەکان لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانیاندا رەچاوی نەتەوە بچووکەکان بکەن و نابێت هەوڵی ملکەچپێکردنیان بدەن، هەروەك ئەوەی روسیا لە دژی جۆرجیا کردی، یاخود ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە دژی هەندێ لە دەوڵەتە دراوسێکانی کردی لە ئەمەریکای لاتیندا. ئەگەر گرووپە ئیتنی و ئایینیە گەورەکان هەوڵی سەرکوتکردنی گرووپە کەمینەکان بدەن ئەوا هەمیشە یەکێتی و یەکگرتوویی نەتەوەی دەکەوێتە مەترسییەوە و هەمیشە وڵاتەکە لەبەردەم مەترسی دابەشبووندا دەبێت.

*** ئایا رۆڵی پەروەردە چییە لەم رووەوە؟**

- من پێموایە پەرەپێدانی پەروەردە و چەسپاندنی گیانی لێبوردەیی و جێگیرکردنی ئەو باوەڕەی کە هەموو تاکەکەسێك مافی خاوەنی چەند مافێکی بنەڕەتییە بە چاوپۆشین لەوەی سەر بە چ گرووپێکی ئایینی یا ئیتنی بێت رۆڵی هەیە لە باشترکردن و بەرەوپێشبردنی پێکەوەژیاندا. ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان دەوڵەتە گەورەکان لە ئاست دەوڵەتە بچووکەکاندا ئەوا دەبێت کۆت و بەندێکی زیاتر بخرێتە سەر رەفتاری دەوڵەتە گەورەکان بۆ ئەوەی پەیوەندییەکەی دوژمنکارانە نەگرنەبەر لە ئاست دەوڵەتە بچووکەکاندا.

*** هەمیشە مەسیحیەکانی عێراق رەمزی ئاشتی و پێکەوە ژیان بوونە، هەرگیز هۆکاری توندوتیژی و ناسەقامگیری نەبوونە، بەڵام لە دوای رووخانی رژێمی سەددامەوە رووبەڕووی کاری تیرۆریستی بونەتەوەو حاڵی حازر ناچار دەکرێت شاری موسڵ جێبهێڵن و رووودەکەنە هەرێمی کوردستان، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی حکومەتی عێراق بێدەنگە لە ئاست ئەم بارودۆخە و دەبێت چی بکات بۆ ئەوەی کۆتایی بەم حاڵەتە بهێنرێت؟**

- ئەم کێشەیەکە لە دوای رووخانی دەسەڵاتی سەددام حوسێنەوە مەسیحیەکان رووبەڕووی بوونەتەوە، مەزەندەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی یەك لە سەر سێی مەسیحیەکانی عێراق شوێنەکانی خۆیان جێهێشتووە و ژمارەیەکی بەرچاویان روویان کردۆتەوە هەرێمی کوردستان و هەندێکیشیان بە یەکجاری عێراقیان جێهێشتووە. هەرێمی کوردستان خاوەنی تۆمارێکی باشە لە رووی چەسپاندنی لێبوردەیی و رێزگرتن لە جیاوازی ئایینی، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە مەسیحیەکانی عێراق رووودەکەنە ئەم هەرێمە. ئەوەی پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە هەبێت ئەوا ئەگەر بە راشکاوی بدوێم ئەوا حکومەتی عێراق خاوەنی توانا و دەسەڵاتێکی زۆر نییە بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵە لە گەڵ ئەم کێشەیەدا بکات، پاکسازی رەگەزی لە عێراقدا لەسەر

کارگەی P.V.C شینکۆ،بە نوێترین سیستەمی سەردەم

چەند ئاستێك ڕوودەدات و تەنیا مەسیحیەکانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو شیعە و سوننەکانیش پاکسازی ڕەگەزیان لە دژی یەکتر پیادە کرد. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و لە بەرژەوەندی یەکێتی و یەکگرتوویی سیاسی نییە لە عێراقدا.

*** بە رای هەندێ لە شارەزایان ئەمە هەوڵێکە لە لایەن کەمینەی سوننەکانەوە بۆ فراوانکردنی ڕۆڵی و دەستڕۆیشتووی خۆیان، ئەگەر سوننەکان بەم شێوەیە ڕەفتار بکەن ئایا چۆن دەتوانین گەشبین بین بە ئایندەی عێراق؟**

- من بە هیچ شێوەیەك گەشبین نیم بە ئایندەی عێراق و پێشبینی دەکەم لە ماوەی پێنج بۆ دە ساڵی داهاتوودا -عێراق ئەگەرچی بە شێوەیەکی ڕەسمیش نەبێت_لە ڕووی ئەمری واقیعەوە بۆ سێ وڵاتی جیاواز دابەش دەبێت، دەوڵەتێکی کوردی لە باکوور کە حاڵی حازر هەرێمی کوردستان زۆرێك لە خەسڵەتەکانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی تێدایە، هەروەها دەوڵەتێك لە باشووری عێراق کە شیعەکان زۆرینە پێك دەهێنن و شاری بەغداش لە خۆدەگرێت، باقیەکەی دیکە دەبێتە دەوڵەتی عەرەبە سوننەکان. من پێموایە جێی سەرسوڕمان دەبێت ئەگەر عێراق لە مەودای دووردا بتوانێت یەکێتی سیاسی خۆی بپارێزرێت.

*** ئەوە بەدی دەکەین کە لە ناوچە عەرەبیەکانی عێراقدا کەلتووری توندوتیژی زاڵە، بەڵام لە کوردستاندا کەلتووری پێکەوە ژیان و لێبۆردەی باڵادەستە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە هەر کاتێك کەمینەکان لە بەشە عەرەبیەکەی عێراقدا دووچاری سەرکوتکردن ببنەوە، ئەوا ڕوودەکەنە هەرێمی کوردستان، چۆن دەتوانین ئەم کەلتووری پێکەوە ژیانە لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بەشەکانی دیکە بگوازینەوە؟**

- ئەوە کارێکی زۆر سەخت و دژوارە هەوڵی ئەوە بدەیت کەلتووری پێکەوە ژیان لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا بڵاو بکەیتەوە و ببێتە کەلتوورێکی بەهێز. کاتی ئەوە هاتووە سەرکردەکانی کوردستان ئەو پرسیارە لە خۆیان بکەن ئایا باشترە لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە جیاببنەوە، یاخود سەرکێشی ئەوە بکەن کە ئەو هەمو ڕق و ناسەقامگیرییەی لە بەشەکانی دیکەی وڵاتەکەدا هەیە کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر هەرێمەکەیان. ئەمەش بڕیارێکی سەختە لەبەر ئەوەی جاڕدانی سەربەخۆیی لە لایەن کوردستانەوە هەڵگری مەترسییە بە تایبەتی بەلەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی ئێران و تورکیا و سوریا، بەڵام لە لایەکی دیکەوە مانەوەش لە چوارچێوەی عێراقدا هەڵگری مەترسیگەلێکی بەرچاوە بۆ کوردەکان، لەبەر ئەوە ئەمە سەختترین بڕیارە کە لە ساڵانی داهاتوودا ڕووبەڕووی سەرکردە کوردەکانی عێراق دەبێتەوە.

*** پاکسازی ڕەگەزی دژی مەسیحیەکانی عێراق مەترسی ئەوەی لێدەکرێت سەربکێشێت بۆ پێکدادانی کەلتووری مەسیحی لە گەڵ کەلتووری ئیسلامیدا، پەرلەمانی کوردستان هەوڵی ئەوە دەدات کە بارودۆخەکە نەگاتە ئەم حاڵەتە، ئایا تا چ ڕاددەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڤاتیکان پشتگیری لەم هەوڵەی پەرلەمانی کوردستان دەدەن؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە و بە دڵنیاییەوە ئومێدی ئەوە دەکەین کە کۆمەڵگەی نێودوەڵەتی پشتگیری لەم هەوڵانە بکات و ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە کوردستانی عێراق ببێتە مۆدێلێك لە جیهاندا بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئایین و کەلتوورە جیاوازەکان لە چوارچێوەی یەك وڵاتدا و هەموو ئەو لایەنە جیاوازانەش بەشداربن لە باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵگەکەدا، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم ڕەوتە بگرێتەبەر ئەوا ئەوەندی لە تواناداية لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پشتگیری دەکرێت.

*** بۆ ڕەواندنەوەی هەڕەشەکانی سەریان مەسیحیەکانی عێراق داوای پێکهێنانی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی دەکەن، هەرێمی کوردستان پشتگیری لەم داواکارییە دەکات، ئایا لەم ڕووەوە تا چ ڕاددەیەك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لەم داواکاریە دەکات؟**

- ڕەنگە چەند لایەنێکی دیاری کراو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هاوسۆزیان هەبێت بۆ ئەم داواکارییە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری لێناکرێت لەبەر ئەوەی ئەمە وەك هەنگاوێکی دیکە لێك دەدرێتەوە بە ئاراستەی دابەشکردنی عێراق. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش وەك گەمەکارێکی سەرەکی لە عێراقدا پشتگیری لە هەنگاوێك ناکات کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی یەکێتی و یەکگرتوویی سیاسی لە عێراقدا. لەبەر ئەوە پێشبینی ناکرێت فشار بخرێتەسەر حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی ئەم داواکاریە جێبەجێ بکات.

*** ئەگەر ووتەیەکت مابێت بۆ گۆڤارەکەمان؟ یاخود ئەگەر ڕاسپاردەیەکت هەبێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

- من تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە کوردستان خاڵێکی گەشە لەو بارودۆخە خراپەی لە عێراقدا هەیە، ڕاستە بەشێوەیەکی گشتی ئاستی توندوتیژی لە عێراقدا دابەزیوە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییەی موسڵ ئەوە دەسەلمێنن کە بۆی هەیە توندوتیژی ئیتنی و ئایینی دووبارە سەرهەڵبدەنەوە. ئەوەی پەیوەندی بە ڕاسپاردەی منەوە هەبێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوا من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دامەزراوەی سیاسی ئەوتۆ دابمەزرێنن کە هاوشان بێت بە دامەزراوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بی ئەوەی هەنگاوی کۆتایی بگرنە بەر کە بریتییە لە ڕاگەیاندن و جاڕدانی ئەو سەربەخۆییە لەبەر ئەوەی ئەمە دووچاری گرفتی جیددیتان دەکاتەوە لە گەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، بە تایبەتی تورکیا.

**لە ڕاستیدا دەبێت نەتەوە گەورەکان لە هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانیاندا ڕەچاوی نەتەوە بچووکەکان بکەن و نابێت هەوڵی ملکەچپێکردنیان بدەن**

**نزیکەی یەک لە سەر سێی مەسیحیەکانی عێراق شوێنەکانی خۆیان جێهێشتووە و ژمارەیەکی بەرچاویان ڕوویان کردۆتەوە هەرێمی کوردستان**

**هەرێمی کوردستان خاوەنی تۆمارێکی باشە لە ڕووی چەسپاندنی لێبوردەیی و ڕێزگرتن لە جیاوازی ئایینی، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە مەسیحیەکانی عێراق ڕوودەکەنە ئەم هەرێمە**

**بە هیچ شێوەیەک گەشبین نیم بە ئایندەی عێراق و پێشبینی دەکەم لە ماوەی پێنج بۆ دە ساڵی داهاتوودا -عێراق ئەگەرچی بە شێوەیەکی ڕەسمیش نەبێت_لە ڕووی ئەمری واقیعەوە بۆ سێ وڵاتی جیاواز دابەش دەبێت**

**ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە کوردستانی عێراق ببێتە مۆدێلێک لە جیهاندا بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی ئایین و کەلتووری جیاوازەکان لە چوارچێوەی یەک وڵاتدا و هەموو ئەو لایەنە جیاوازانەش بەشداربن لە باشترکردنی بارودۆخی کۆمەڵگەکەدا**

کارگەی P.V.C شینکۆ، بە نوێترین سیستەمی سەردەم